کەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5789) دووشەممە 15ی تەممووز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بەردەوامن

بیری شۆڤێنیەت لە کەرکووک سەر ناگرێت

دیاری حوسێن، جێگری بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک- گەرمیانی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆبوونەوە و هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بەردەوامن و لە بەغدا و گفتوگۆ لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەو مەبەستە هەیە، بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا دۆخی نائاسایی کەرکووک کۆتایی پێ بهێنرێت.

لای خۆیەوە، چاودێرێکی سیاسی کە خۆشی خەڵکی شاری کەرکووکە لە ڕەوشی شارەکە نیگەرانە و دەڵێت: ئەوەی ڕوو دەدات دەرەنجامی ئەوەیە ڕەوشی شارەکە پێویستی بە گفتوگۆی جددی هەیە و دەبێ پێکهاتەکان کۆببنەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**







سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە نووری ئەلمالکی دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە بەڕێز نووری ئەلمالکی کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی بە ئەمینداری گشتیی حزبی دەعوەی ئیسلامیی عێراقی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

لای خۆیەوە لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا کە ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 14/7/2019ئەنجام درا، بەڕێز ئەلمالکی سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربڕی و هیوای سەرکەوتنی بۆ بەڕێزیان و بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی خواست.

بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی یادی ڕۆژی نیشتمانی فەرەنسا کرایەوە

فۆتۆ: فەرهاد ئەحمەد شەریف: دوێنێ بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک و جێگر و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکان و ژمارەیەک لە کونسولگەری وڵاتان، کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر یادی ڕۆژی نیشتمانی وڵاتەکەی کردەوە.

سەرەتای ساڵی داهاتوو

پاپا فرانسیس سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

وەحیدە یاقۆ هورمز: وەکو ڕێزگرتنێک لە هەرێم و سەرۆک بارزانی پاپا سەردانی هەولێر دەکات



ئاژانسی هەواڵی کاتۆلیکی، لیستێکی وڵاتانی بڵاوکردووەتەوە، کە ساڵی داهاتوو بڕیارە پاپا فرانسیس، پاپای کاتۆلیکەکانی جیهان سەردانیان دەکات، کە یەکێک لەوانە هەرێمی کوردستانە، نوێنەرێکی مەسیحییەکانیش لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، وردەکاریی سەردانەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێ، ڕاستە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا پاپا سەردانی هەولێر دەکات، وەکو ڕێزگرتن لەو هەڵوێستانەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت سەرۆک بارزانی، بەرامبەر بە مەسیحییەکان هەیبووە.

وەحیدە یاقۆ هورمز، نوێنەری مەسیحییەکان لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بڕیارە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو پاپا فرانسیس سەردانی عێراق بکات و لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا دەچێتە نەجەف بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ عەلی سیستانی و سەردانی ناوچەی ئوریش دەکات، کە شوێنی نەبی ئیبراهیم بووە و، دواتر سەردانی هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر دەکات و دەچێتە عەنکاوە و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستانیش کۆ دەبێتەوە.

وەحیدە یاقۆ هورمز گوتیشی: هەڵوێستەکانی هەرێمی کوردستان بەرانبەر بە مەسیحییەکان لەسەر ئاستی جیهان کاردانەوەی زۆری هەبووە و دەرگای بۆ ئاوارەکان کردووەتەوە و خزمەتی زۆری مەسیحییەکانی کردووە، بەتایبەت سەرۆک بارزانی، بۆیە وەکو ڕێزگرتنێک لە هەرێم و سەرۆک بارزانی، پاپا سەردانی هەولێر دەکات.

هورمز باسی لەوەش کرد: مەسیحییەکان زیاتر لە هەرێمی کوردستان ئارامن و بەراورد بەعێراق زۆریان هاوکاری کراوە، بۆیە هاتنی پاپا کاریگەریی زۆری دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر هاوکاریی ئێمەش بکرێت.

ئەمڕۆ یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێوەدەچێت



بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2019/7/15 ئەنجومەنی وەزیران یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەڕێوە ببات و بەفەرمی دەست بە کارەکانی خۆی بکات. سەرچاوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە کە بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە ئەنجومەنی وەزیران یەکەم کۆبوونەوەی ئاساییی خۆی لە کابینەی نۆیەم بەڕێوە ببات و دواتر بەفەرمی دەست بە کارەکانی خۆی بکات. سەرچاوەکە ڕاشیگەیاندووە "تاوەکو ئێستا تەنیا بەشێک لە وەزیرەکان ئالۆگۆڕیان پێکراوە و لەم ڕۆژانەدا سەرجەم وەزیرەکان ئالۆگۆڕیان پێ دەکرێت و دەست بە کاری خۆیان دەکەن.

گوتەبێژی فڕاکسیۆنی پارتی:

هەرێم مەرجی بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و غاز هەیە

ئامادەکاری بۆ دەرکردنی پرۆژەیاسای نەوت و غاز لە عێراق دەکرێت و گوتەبێژی فڕاکسیۆنی پارتیش لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، هەرێمی کوردستان چەند مەرجێکی لەبارەی دەرکردنی پرۆژەیاساکەوە هەیە و پێویستە لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدا بێت و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانیش لەنێو یاساکەدا جێگیر بکرێن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



دوێنێ لە هەولێر.. کتێبخانەی مالی وەفایی سووتێندرا (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)



سبەی شەو مانگ بە نیمچەیی لە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا دەگیرێت

(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)



پەتریارک ئیگناتیوس ئەفرامی دووەم:

ئەرکی مەسرور بارزانی پەیامی خزمەتکردنی پێکهاتەکانی هەرێمە

پەتریارک ئیگناتیوس ئەفرامی دووەم، سەرۆکی باڵای کڵێسای سریانی ئەرسەزۆکسی لە جیهان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و دەڵێت، بە متمانەدان بە کابینەکەت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە خۆشحاڵم و ئەرکێکی گەورەتان کەوتووەتە ئەستۆ خزمەتکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

پەتریارک لە پەیامەکەیدا دەڵێت: دەوڵەتمەداری بەرێز مەسرور بارزانی، زۆر خۆشحاڵبوون بە بیستنی هەواڵی سەرکەوتنی کابینەکەت و متمانە وەرگرتنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەرپرسیارێتییەکی گەورەی خستووەتە ئەستۆتان.

هەروەها دەڵێت: ئەرکی ئێوە پەیامێکی شەرەفمەندانەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ رۆڵەکانی هەرێم بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە و لەگەڵ فەخامەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدەن هەرێمی کوردستان پێشبخەن و گەشەی پێبدەن.

ئیگناتیوس ئەفرامی دووەم لە پەیامەکەیدا دەڵێت: بەناوی خۆم و لە بری رۆڵەکانی کڵێسای سریانیی ئەرسەزۆکسی لە هەرێمی کوردستان، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین، هیوادارین خوای گەورە کۆششەکانتان سەرکەوتوو بکاتە بەتایبەتی پارێزگاریی لە ئارامی و سەقامگیریی هەرێم بکات و ئەو قەیرانانەی وەک گەردەلوول داویانە لە هەموو لایەکی ناوچەکە نەمێنن. لە کۆتایی پەیامەکەدا هاتووە "داواکارم تەندروستی و سەرکەوتووبن و هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام پێشبکەوێت و گەشە بکات و ریزمان قەبوڵ بفەرموون".



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە نوری مالیکی و حزبەکەی دەکات

دوێنێ یەکشەممە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی بە سەرکەوتوویی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حزبی دەعوەی ئیسلامی و دووبارە هەڵبژاردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی ئەمینداری گشتی حزبەکە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ئەو حزبە و ئەمینداراەکەی کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

برایانم لە حزبی دەعوەی ئیسلامی
بۆ بەڕێز نوری مالیکی
سڵاوی خواتان لێبێت..

پیرۆزبایی سەرکەوتنی کارەکانی کۆنگرەکەتان و دووبارە هەڵبژاردنەوەتان بە ئەمینداری گشتی حزبی دەعوەی ئیسلامیتان لێدەکەم، هیواخوازین هەڵبژاردنەوەتان ببێتە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەڕێر ڕۆشنایی ئەو ڕەوشە ئەرێنییەی لەئارادایە.

وێڕای پیرۆزباییکردنمان، خوازیارین حزبی دەعوە رۆڵی کارا لە چەسپاندنی زیاتری ئەو کەشوهەوا ئەرێنییە بگێڕێت و ببێتە هۆکارێک بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەروەها ببێتە هۆکاری گەشەپێدانی زیاتر لە تەواوی عێراق.

مەسروور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
14تەموزی 2019

نوری مالیکی سوپاسی مەسرور بارزانی دەکات

نوری مالیکی، ئەمینداری گشتی حزبی دەعوەی ئیسلامی لە عێراق، لە پەیامێکدا سوپاسی ئەو پەیامەی پیرۆزبایی مەسرور بارزانی دەکات، کە دوێنێ یەکشەممە بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حزبی دەعوە و دووبارە هەڵبژاردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی ئەمینداری گشتی حزبەکە ئاراستەی مالیکی و حزبەکەی کردبوو. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
ڕێزدار مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
سڵاوێکی گەرم

بەوپەڕی ڕێز و دڵخۆشییەوە بروسکەی پیرۆزبایی ئێوەمان پێگەیشت، بە بۆنەی گرێدانی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حزبی دەعوەی ئیسلامی و دووبارە هەڵبژاردنەوەم بە ئەمینداری گشتی، بە ڕێزەوە سوپاسی دەربڕینی هەستە باشەکانتان دەکەین، کە لە ناوەڕۆکی پەیامەکەتان هاتبوو.

حزبی دەعوەی ئیسلامی تا ئەوپەڕی پێداگیرە لە سەر هەبوونی پەیوەندی بەهێز و ڕەسەن لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکان، هەوڵیش بۆ چەسپاندنی ئەو کەشە ئەرێنییە دەدەین، تا ڕەنگدانەوەی ئیجابی هەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا.

ڕێز و سووپاسمان دووبارەدەکەینەوە بۆ پیرۆزباییناممەکەتان، هەر لە خۆشیدابن

نوری مالیکی
ئەمینداری گشتی حزبی دەعوەی ئیسلامی و سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا



وەزیری دەرەوەی عێراق پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

وەزیری دەرەوەی عێراق محەممەد عەلی حەکیم لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، محەممەد عەلی حەکیم، هیوای سەرکەوتنی بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەکەی خواست. لە بەشێکی دیکەی پەیوەندییەکەیدا، هیوای خواست پێکهێنانی حکوومەت ببێتە سەرەتایەکی پڕ خێر و خۆشی و گەشەسەند و پێشکەوتنی زیاتری هەرێمی کوردستان و عێراق.

فراکسیۆنی پارتی سەردانی ئەو ناوچە سنوورییانەی کرد کە بۆردوومانکراون

ئومێد خۆشناو: داوا لە هێزەکانی سەرسنوور دەکەین بیانوو نەدەنە وڵاتانی دراوسێ



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ئومێد خۆشناو ڕاشگەیاند: ئێمە چەندینجار لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەی نارەزایان دەرکردووە و داوامان لە وڵاتانە کردووە پێشێلکارییەکان ڕابگرن، بەڵام ئەوان بەبیانووی هەبوونی بنکە و بارەگاکانی تۆپخانەکانی ئێران و تورکیا بۆردوومان کراون بە بیانووی هەبوونی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە و حزبەکانی ڕۆژهەڵات.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ڕاشیگەیاند: لە چەند ساڵی ڕابردوو بەهۆی بۆردوومانەکانی وڵاتانی ئێران و تورکیا چەندین هاووڵاتی شەهید و بریندارببوونە و سەدان گوند و دێهات چۆڵکراون و ڕەز و باخی گوندنشینان وێران بوونە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ئومێد خۆشناو ڕاشگەیاند: ئێمە چەندینجار لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەی نارەزایان دەرکردووە و داوامان لە وڵاتانە کردووە پێشێلکارییەکان ڕابگرن، بەڵام ئەوان بەبیانووی هەبوونی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە و حزبەکانی ڕۆژهەڵات.



ئەمەریکا..
پچڕانی تەزووی کارەبا لە مانهاتن کە قەرەباڵغترین ناوچەی شاری نیویۆرکە، کە کاریگەری ئەرێنی کردە سەر ژیانی دانیشتووانی ناوچەکەو ڕاگرتنی گەشتەکان بە میترۆ.

کونسوڵی گشتی نوێی بەریتانیا:

خۆشحاڵم کە لە کۆتاییدا گەیشتمە هەولێر



پەڕەی فەرمی کونسوڵخانەی گشتی بەریتانیا لەهەولێر لەهەژماری تایبەت بەخۆیان لەتوێژی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لێدوانی سەر قونسوڵی گشتی نوێی بەریتانیای بڵاوکردووەتەوە کەتێیدا خۆشحاڵی خۆی دەڕبڕیوە.

کونسوڵی گشتی نوێی بەریتانیا جەیمس پۆرنتۆن ڕایدەگەیێنێت بەڕاستی خۆشحاڵم کە لە کۆتاییدا گەیشتمە هەولێر. ناوبراو ڕاشیگەیاندووە کە ئامادەم بۆ دەستپێکردنی کارەکانم وەک کونسوڵی گشتی.

هەولّەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بەردەوامن

دیاری حوسێن: بە جێبەجێکردنی دەستوور و ماددەی 140 کێشەکان چارەسەر دەبن



دیاری حوسێن، جێگری بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک- گەرمیانی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆبوونەوە و هەولّەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بەردەوامن و لە بەغدا و گفتوگۆ لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەو مەبەستە هەیە، بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا دۆخی ئاساسایی کەرکووک کۆتایی پێ بهێنرێت، گوتیشی: ئێمە پێشوازی لە هەوڵەکان دەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لە چوارچێوەی دەستووردا.

دیاری حوسێن لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی پارتی گوتی: لە بەغدا زۆر پۆستی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ هەیە کە پشکی کوردن، لەوانە ئەمینداری گشتیی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری و سوپاسالار و بریکارەکان و فەرماندەی هێزەکانی بەرگری و جێگرەکانی و لیواکان، بۆیە شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا دەبێت بەوردی ئەم پۆستانە یەکلا بکاتەوە و گرنگە کورد داوای پۆستەکانی بکاتەوە، ئەوکاتەی من لەوێ بووم، کورد پشکی20% ی پۆستەکانی سوپای عێراقی بۆ دانرابوو، بۆیە دەبێ ئەم جارە کورد قسە لەسەر ئەو پشکە بکات و بزانێت چەندی بەردەکەوێت. زێباری گوتیشی: لە شاندی کوردستان بۆ بەغدا داوای ئەو پۆستانە دەکرێتەوە، بۆ نموونە کورد 20% و سوننە 25% و شیعە لە 45% و پێکهاتەکانی دیکەش 10%ی پۆستەکان وەردەگرن. زێباری ئەوەیشی خستەڕوو: چەند پۆستێکی دیکەی گرنگ هەن کە پشکی کوردن و بە لایەنەکانی دیکە پڕ کراونەتەوە بەڵام بۆ ئەم حکوومەتە جیاوازە و سەرجەم ئەو پۆستانانەمان دەوێتەوە.

چونکە ئێمە مادەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراقمان هەیە بۆ چارەسەری باری ئەو ناوچانە و ئەمەریکاش گوشار لە حکوومەتی عێراق دەکات بۆ جێبەجێکردنی دەستور و بۆ ئەم قۆناغە ئەگەر مادەی 140جێبەجێکرێت، ئەوا کێشەکانمان چارەسەر دەبێت و چارەسەری کێشەکان بە ڕێگای دەستووری کۆتایی پێ دێت. لە لایەکی ترەوە ئارام ئەحمەد، کارگێڕی لقی3ی پارتی بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەکارییەکی باشمان کردووە و دڵنیاشین لەوەی کە بەشێک لەو ئامادەکارییانەی ئێمە لە بەغداوە لە ڕێگای ئەو لێژنانەی خومان کە دروستمان کردووە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و هەولێکی باشمان داوە و وەعدێکی باش دراوە کە لەسەر ئەو بابەتانە هەمووی ڕێککەوین و هیچ مەلەفێکی ئەوتۆی قورس لەبەردەمان نەماوە کە بەربەست بێت، حکوومەتی عێراقیش چووەتە ژێر ئەوبارەی ئەوەی کە داخوازی ئێمەیە، ئێمە داخوازییەکی ناقانوونی و نادەستووریمان نەکردووە، ئەوەی کە داواکاری ئێمەیە کۆمەڵێک شت لە نێوان ئێمە و ئەوان لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویانداوە، ئێمە خومان ئامادەکردووە بۆ گەڕانەوە بچینەوە شاری کەرکووک، چونکە هەڵبژاردن و ئەحسای کەرکووک دێتە پێشمان.

شاندی دانوستانکاری هەرێم داوای پشکەکانی کورد لە بەغدا دەکات

بابەکر زێباری: سوپاسالار و ئەمینداری گشتیی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری و بریکارەکان پشکی کوردن

سوپاسالاری پێشووی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە جگە لە پۆستەکانی سوپای عێراق، کورد داوای حەقی خۆیشی لە پشکەکانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری دەکات و بۆ ئەمەش پێویستی بە گفتوگۆی جددی لەگەڵ بەغدا هەیە.

بابەکر زێباری، لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی پارتی گوتی: لە بەغدا زۆر پۆستی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ هەیە کە پشکی کوردن، لەوانە ئەمینداری گشتیی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری و سوپاسالار و بریکارەکان و فەرماندە و فەرماندەی هێزەکانی بەرگری و جێگرەکانی و لیواکان، بۆیە شاندی دانوسانکاری هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا دەبێت بەوردی ئەم پۆستانە یەکلا بکاتەوە و گرنگە کورد داوای پۆستەکانی بکاتەوە، ئەوکاتەی من لەوێ بووم، کورد پشکی20% ی پۆستەکانی سوپای عێراقی بۆ دانرابوو، بۆیە دەبێ ئەم جارە کورد قسە لەسەر ئەو پشکە بکات و بزانێت چەندی بەردەکەوێت. زێباری گوتیشی: لە شاندی کوردستان بۆ بەغدا داوای ئەو پۆستانە دەکرێتەوە، بۆ نموونە کورد 20% و سوننە 25% و شیعە لە 45% و پێکهاتەکانی دیکەش 10%ی پۆستەکان وەردەگرن. زێباری ئەوەیشی خستەڕوو: چەند پۆستێکی دیکەی گرنگ هەن کە پشکی کوردن و بە لایەنەکانی دیکە پڕ کراونەتەوە بەڵام بۆ ئەم حکوومەتە جیاوازە و سەرجەم ئەو پۆستانانەمان دەوێتەوە.

چاودێرێکی سیاسی:

بیری شۆڤێنیەت لە کەرکووک سەر ناگرێت

ڕەوشی کەرکووک پێویستی بە گفتوگۆی ڕژد هەیە



چاودێرێکی سیاسی کە خۆشی خەڵکی شاری کەرکووکە لە ڕەوشی شارەکە نیگەرانە و دەڵێت: ئەوەی ڕوو دەدات دەرەنجامی ئەوەیە ڕەوشی شارەکە پێویستی بە گفتوگۆی جددی هەیە و دەبێ پێکهاتەکان کۆببنەوە. لەمبارەوە د. ناسیح غەفوور بۆ خەبات گوتی: دۆخی کەرکووک ئاڵۆزە، بە تایبەت دوای خۆپیشاندانەکەی عەرەبەکان لەو شارە، چارەسەر تەنیا بە لیژنەیەکی شارەزا و بە ئەزموونە کە نوێنەری یەکڕیزیی کوردە کەرکووکییەکان بن بۆ وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەران و نوێنەرانی عارەبەکان بە تەنها و لەگەڵ تورکمانەکانیش بە تەنها و خۆی دیاری ئەکات، واتە سەرەتا پێوستە لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو کەرکووک کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئەوجا ڕەزامەندی و بڕیاری بەغدای پێویستە.

ئەو چاودێرە سیاسییە گوتیشی: بەداخەوە ئەوەی هەیە سەداسەد بە دڵی ئێمە نابێت و دەبێت ئەو هێزەی کەرکووکی گەیاندە ئەمڕۆ وەلامی دۆخەکە بداتەوە، دەبێ هەردوولا واتە بەغدا و هەولێر دەستوبرد بکەن لەوەی ئەو دۆخەی بەسەر ئەو شارەدا هاتووە، بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی و پێشمەرگە و پۆلیسی عێراق بە یەکەوە ڕێکبکەون و پێشمەرگە ئەمنیەتی ناوچەکانی خۆی وەربگرێتەوە، چونکە بە عەقڵییەتی شۆڤێنی ڕابردوو و ئەمەی ئێستا دۆخی ئەمنیی شارەکە سەر ناگرێت و بیری شۆڤێنیەت تێیدا جێگەی نابێتەوە.

عەشیرەتە عەرەبییەکان هۆشداریی دەدەنە عەرەبەکانی کەرکووک

شێخ موزاحیم ئەلحوێت: ئامانج لە خۆپیشاندانەکان دروستکردنی شەڕی عەرەب و کورد

عەشیرەتە عەرەبییەکان هۆشداریی دەدەن و ڕایدەگەیەنن، کە ئامانج لە خۆپیشاندانی بەشێک لە عەرەبەکانی کەرکووک، هەڵگیرساندنی شەڕە دژی کورد. شێخ موزاحیم ئەلحوێت، گوتەبێژی ئەنجومەنی عەشیرەتە عەرەبییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕاگەیاندووە، ناڕەزایی خۆپیشاندەرە عەرەبەکانی کەرکووک ئامانج لێی دروستکردنی شەڕی عەرەب و کوردە. شێخ موزاحیم ئەلحوێت هەروەها ڕایگەیاندووە، ئەو شێخە عەرەبانەی لەپێش خۆپیشاندانەکانەوە بوون، لە یەکەمەکان بوون کە پێشوازییان لە ڕێککەوتی تیرۆریستی داعش لە مووسڵ و پارێزگا سوننەنشینەکانی دیکەی عێراق کرد. ئەو شێخە عەرەبە پێی وایە کەسانی سەر بە داعش سەرپەرشتیی ئەو خۆپیشاندانانە دەکەن و داواشی لە عەرەبەکانی کەرکووک کرد لە کەسانی سەر بە داعش دوور بکەونەوە و جەختی لەوە کردووەتەوە، کە شاری کەرکووک شارێکی کوردستانییە سەرەڕای ناڕەزایی شۆڤێنییەکان. ڕۆژی هەینی ژمارەیەک عەرەبی حەویجە و کەرکووک لەبەردەم پارێزگای شارەکە خۆپیشاندانێکیان دژی ڕێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کورداتان بۆ دیاریکردنی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک، ڕێکخست. لە خۆپیشاندانەکەدا، کە ژمارەیەک عەرەبی پارێزگاکانی دیکەش بەشداریان تێدا کرد، خۆپیشاندەران بە ئاشکرا خۆیان بە بەعسی و داعش دەناساند.

پێویستە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەنێو یاساکەدا جێگیر بکرێن

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی: هەرێم مەرجی بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و غاز هەیە

ئا/قانید میرۆ: ئامادەکاری بۆ دەرکردنی پرۆژەیاسای نەوت و غاز لە عێراق دەکرێت و گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتیش لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، هەرێمی کوردستان چەند مەرجێکی لەبارەی دەرکردنی پرۆژەیاساکەوە هەیە و پێویستە لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدا بێت و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانیش لەنێو یاساکەدا جێگیر بکرێن. دکتۆر ئارام بالّەتەیی، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: تا ئێستا سێ ڕەشنووس بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق ئامادە کراون، بەڵام هیچکام لەو سێ ڕەشنووسە پەسەند نەکراون، ئێمە وەک هەرێمی کوردستان کێشەمان لەگەڵ ئەوەدا نییە کەرتی نەوت و غازی عێراق بە یاسایەکی یەکگرتوو ڕێکبخرێت، بەڵام هەر پرۆژەیاسایەکی نوێ بۆ کەرتی نەوت و غاز ئامادە بکرێت، پێویستە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی عێراقی تێدا لە بەرچاو بگیرێت، لەوانەش بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان. دەشڵێت: ناکرێ یاسایەک بۆ کەرتی نەوت و غازی عێراق دەربکرێت پێچەوانەی بڕگە و ماددەکانی نێو دەستووری عێراق بێت، بەڵکوو پێویستە هەموو ئەو مافانەی لە دەستووردا لەبارەی کەرتی نەوت و غاز بە هەرێمی کوردستان دراون، لەنێو یاسای نوێدا جێگیر بکرێن.

ئارام بالّەتەیی ڕوونیشیکردۆتەوە: مەرجی هەرێمی کوردستان بۆ پەسەندکردنی هەر پرۆژەیاسایەکی کەرتی نەوت و غاز، دەرنەچوونە لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق و لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدا، هەروەها ئەوە لەبەر چاو بگیرێت عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە نەک وەکوو پێشتر دەوڵەتێکی مەرکەزیی تاکلایەنە بێت، لەبەر ئەوەی بەشێک لە دەسەڵاتدارانی عێراق ئێستاش لەو باوەڕەدان عێراق وڵاتێکی مەرکەزییە، ئەوەش لای ئێمە قبووڵ نییە. لەبارەی کاتی پەسەندکردنی پرۆژەیاسای نەوت و غاز، بالّەتەیی گوتی: پەرلەمانی عێراق دەکەوێتە پشووی هاوینە و لە مانگی ئەیلوولدا دەستبەکار دەبێتەوە، ئەگەر ئامادەکاریشی بۆ بکرێت و هەنگاو بنێین، بەڵام پێشبینی دەکەین پەسەندکردنی پرۆژەیاساکە بکەوێتە ساڵی ئایندەوە.



عێراق.. ئۆپەراسیۆنی ئیرادەی نەسر درێژەی هەیە

عەمید یەحیا ڕەسول: بەردەوامین لە ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش

وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند، ئۆپەراسیۆنی ئیرادەی نەسر کە بە ئامانجی پاکسازیکردنی بیابانەکانی سنووری پارێزگاکانی سەلاحەددین، نەینەوا و ئەنبار، هەروەها سنووری ئەو وڵاتە لەگەڵ سووریا دەستپێکراوە درێژەی هەیە. دوێنێ یەکشەمە گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق، عەمید یەحیا ڕەسول لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: ئۆپەراسیۆنی (ئیرادەی نەسر) درێژەی هەیە و لەئێستادا پێشڕەویی هێزە ئەمنییەکان لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکەدا، گەیشتووەتە ئەو ناوچانەی کە بەرلە ڕووداوەکانی ساڵی 2014دا لە لایەن داعشەوە بەکارهێندراوە. عەمید یەحیا ڕەسول گوتیشی: ئۆپەراسیۆنی ئیرادەی نەسر درێژەی دەبێت تا ئەو کاتەی بیابانەکانی سنووری پارێزگاکانی سەلاحەددین، نەینەوا و ئەنبار لەگەڵ سنووری وڵات لەگەڵ سووریا بەتەواو لە تیرۆریستان پاکساز دەکرێن. ناوبراو باسی لەوەش کرد کە تا ئێستا لە چوارچێوەی ئیرادەی نەسردا، نیوەی ناوچە بیابانەکانیان لە تیرۆریست پاکسازکراون و گوتی: لە ئۆپەراسیۆنەکەدا، ئامانجمانە پەیامێکی ڕوون بگەیەنن لەوەی بەردەوامین لە ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش. گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان تیشکی خستەسەر ئەوەش کە لە مەیانی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەدا تا ئێستا، ژمارەیەک تیرۆریست لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە کوژران و دەستگیرکراون، بەدەر لەوەیش ژمارەیەک تونێل و ئەشکەوتی تیرۆریستان خاپوورکراون.



پێکهاتە ئایینییەکان ئومێدی گەورەیان لەسەر سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان هەڵچنیوە

ڕاپۆرت: مەریوان نەقشبەندی

تایبەت بە خەبات

لە دوای متمانەدان بە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی و ئەو کارنامەیەی حکوومەتەکەی کە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا خستیەڕوو ئومێدێکی گەورەی لە لای پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان دروستکردووە و نوێنەرانی ئەم پێکهاتانە تەئکید دەکەنەوە کە بە هەموو توانایەکیان پشتیوان و هاوکاری بەرێز مەسرور بارزانی و تەواوی ئەندامانی کابینەکەی دەبن بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی.



لەمبارەیەوە خەیری بوزانی کەسایەتی ئێزیدی و بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێم لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: هیوامان زۆرە بە توانا و دڵسۆزی و دیپلۆماسییەتی ڕابەری نەتەوەییمان سەرۆک بارزانی و هەروەها هەوڵەکانی هەریەکە لە بەڕێزان کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و کاک مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بەردەوام بن لە هاوکاریکردنی ئێزیدییەکان بە گەرانەوەیان بۆ شوێن و بۆ سەر ماڵ و مووڵکی خۆیان، پیرۆزبایی لەسەرجەم خەڵکی کوردستانیش کرد بۆ ئەو کارنامە دەوڵەمەندەی کە بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم ئاراستەی پەرلەمانتارانی کرد.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و یەکێکە لە کەسایەتییە مەسیحییە ڕسەنەکانی شاری سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئاماژە بۆ ڕۆژی بەڕێز مەسرور بارزانی لە سەتامگیریی و دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتیمانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە دەکات و دەڵێت: هیوامان بە کاک مەسرور بارزانی و تەواوی کابینەکەی هەیە کە درێژەپێدەری ئەو پێکەوەژیانەی نێوان ئایینەکان بێت کە بەهۆیەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێز و ستایشی بۆ کوردستان هەبوو خالید جەمال ئەلبێر ئەوەش وەبیردێنێتەوە کە مەسیحییەکانی جیهان و قاتیکان ڕۆڵی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسی و بەتایبەتیش سەرۆک مسعود بارزانیان لە یاد ناچێت کاتێک بەهانای مەسیحییەکانی عێراق و بەتایبەتیش مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا چوو.

هەروەها خاتوو ئاوات حیسامەدین نوێنەری زەردەشتییەکان لە کوردستان لێدوانێکی تایبەت بەڕۆژنامەی خەبات خۆشحاڵی لە ڕادەبەدەری خۆی بۆ کارنامەکەی حکوومەتی نوێی هەرێم بخەنەگەڕ خاتو ئاوات حسامەدین کە لە هەمان کاتیشدا بەرپرس و دامەزرێنەری ڕێکخراوی یەسنایە بۆ فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات وتڕای پیرۆزبایی لە بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و سەرجەم وەزیر و بەرپرسانی نوێی حکوومەتی هەرێم هیوای خواست کابینەی نوێ کابینەی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی ڕاستەقینەی نێوان هەموو هێز و لایەنەکان و هەموو ئایین و نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان بێت.

سەرمەد موقبیل کەیخسرو نوێنەری بەهائیەکانیش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە ئومێدێکی گەورەوە سەیری دەستبەکاربوونی کابینەی نێیەمی حکوومەتی هەرێم دەکات و لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەهائیەکانی کوردستان دڵخۆشترین بەهائیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقیشن بەو پێیەی لە کوردستان خەڵک و حکوومەت و سەرکردایەتیی سیاسی هەموو بەچاوی مرۆڤایەتی و بەچاوی ڕێزەوە سەیرمان دەکەن و بەناوی خۆم و ئەنجوومەنی بەهائیەکانی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دەکەم و بەڵێن دەدەین وەک هەموو بەهائیەکانی جیهان هۆکاری ئاشتی و پێکەوەژیان بین و لە بونیادنانی کوردستاندا پشتیوان بین و دەبێ ڕۆڵی گەورەی سەرۆک بارزانیشمان لە یاد بێت کە ئیمزای لەسەر یاسای ژمارە پێنجی ساڵی 2015ی پەرلەمانی کوردستان کرد و بەپشتیوانی بەردەوامی بۆ پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان ئومێدی گەورەی لەناو خەڵکی کوردستان چاندووە.

هەر بۆ هەمان مەبەست خالد ئەمین ڕومی پەرلەمانتاری پێشووی عێراق لە کۆتای ساڵی ڕابردوودا لە ڕاگەیاندنێکدا ئاماژەی بە نوێنەری ئەم ئایینە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە گەشبینیەوە سەیری ئایندەی کوردستان و کارەکانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کرد و لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە کاتێکدا باوەڕدارانی ئایینی ساڵی مندائی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دووچاری تەنگەتاوکردن و هەڕەشەبوونەوە هەرێمی کوردستان و سەرۆک بارزانی بە تایبەتی باوەشی گەرمی مرۆڤایەتیان بۆ کردینەوە و بەهۆیەوە ئێستا بەشێک لە باوەردارانی سابیئەی مندائی لە هەرێمی کوردستان دەژین و وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێم و دامودەزگاکانی هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ کردووین تا بە ئارامی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆمان جێبەجێبکەین و هیوای سەرکەوتنیش بۆ کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک مەسرور بارزانی دەخوازین.

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە پۆڵۆنیا ئامادەی ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی سەرۆکایەتیی سڵۆڤاکیا لە گرووپی ڤیشەهرادسکی دەبێت



هاوار مورتکەبی: زیاد ڕەئووف، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا بەشداری کرد لە ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی سەرۆکایەتیی سڵۆڤاکیا لە گرووپی ڤیشەهرادسکی، ئەو گرووپەی کە لەساڵی 1991 لە شاری ڤیشەهرادسکی هەنگاریا دامەزرا و چوار وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، هەنگاریا و پۆڵۆنیا و چیک و سڵۆڤاکیا بڕیاریاندا لە چوارچێوەی ئەو گرووپەدا یەکپێزی و یەکدەنگیان هەبێت لەناو یەکێتیی ئەوروپا لە بواری سیاسی و ئابووری و هەر ساڵێک وڵاتێک سەرۆکایەتیی ئەو گرووپە دەکات.

ڕێوڕەسمەکە لە تیاتری سڵۆڤاچکی لە شاری کراکۆڤ بەڕێوەچوو بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری سڵۆڤاکیا و جێگری وەزیری ڕۆشنبیری پۆڵۆنیا و سەرۆکی هەرێمی مالاپۆڵسکاو بەرپرسانی دەسەڵات و دیپلۆماتکارانی وڵاتانێکی زۆر. نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتی بوو لەگەڵ زۆر لە سیاسەتمەداران و دیپلۆماتکاران باسی ڕەوشی سیاسیی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات و تیشک بخاتە سەر ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئارامی و سەقامگیری لە عێراق و لە هەموو ناوچەکە. لە ڕێوڕەسمەکە گرووپێکی موزیکی سڵۆڤاکیا لەگەڵ گرووپی باڵێتی پۆڵۆنی کۆنسێرتێکی هاوبەشیان پێشکەشکرد.

عێراق.. هەینی داهاتوو لە بەغدا و 13 پارێزگای دیکەی عێراق خۆپیشاندانی ملیۆنی بەڕێوەدەچێت



بڕیارە ڕۆژی هەینی داهاتوو لە بەغدا و 13 پارێزگای دیکەی عێراق خۆپیشاندانی ملیۆنی بەڕێوەبچێت. ڕێکخەری خۆپیشاندانەکان، خەلیل ناجی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە 14 پارێزگادا خۆپیشاندانی ئاشتیانە ئەنجام دەدەن بۆ داواکارییەکانی خەڵک، کۆتاییهێنان بە کەموکوڕی لە خزمەتگوزارییەکان، ڕەخساندنی هەلی کار و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. خەلیل ناجی هۆشداری ئەوەیشیدا کە ئەگەر داواکارییەکانی خەڵک جێبەجێ نەکرێت ئەوا خۆپیشاندانەکان بەردەوامیان دەبێت و چاوەڕوانی ئەوەیش دەکەن کە ملیۆنەها کەس لە بەغدا و پارێزگاکانی باشوور بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا بکەن.

ئەمەریکا: هێرشی تورکیا بۆ باکووری سووریا مایەی قبووڵ نییە



وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا هۆشداریی دەداتە تورکیا لە ئەگەری هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و دەڵێت، ئەو کارە قبووڵ ناکەن. شۆن ڕۆبێرتسن، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری کوردستان 24 لەبارەی ئەگەری هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند، هەر هێرشێکی تاکلایەنە بۆ سەر ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا جێی نیگەرانییە بەتایبەتی لەو ناوچەیە هێزی سەربازیی ئەمەریکی لێیە و هیچ جۆرە هەنگاوێکی لەو جۆرەش مایەی قبووڵ نییە.

گوتەبێژی پێنتاگۆن گوتیشی، لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا کۆبوونەتەوە و باسی ئەو پرسیارانیان لەگەڵ کردوون و نیگەرانییەکانی خۆیان پێگەیاندوون. ئاشکراشی کرد، گفتوگۆکردن و ڕێککەوتن تاکە چارەسەرە بۆ پرسی ئاسایشی سەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا. جێی باسە پێشتریش چەند جارێک تورکیا هەڕەشەی هێرشکردنە سەر هێزەکانی یەپەگەی لە ڕۆژئاوای کوردستان کردبوو، تاکو ئێستاش، شاری عەفرین لە لایەن هێزەکانی نزیک لە تورکیاوە داگیرکراوە، بەڵام سەرۆکی ئەمەریکا لە دوایین لێدوانیدا لەبارەی سووریا ڕایگەیاند، ئەگەر ئەو نەبوایە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هێرشی دەکردە سەر کوردەکان و لەناوی دەبردن.

ڕۆژی نیشتمانیی فەڕەنسا بە ڕێوڕەسمێکی شکۆدار کرایەوە



دوێنێ یەکشەممە 14ی7ی 2019کە بە ڕۆژی نیشتمانیی فەرەنسا ناسراوە لە شەقامی "شانزە لیزێ"ی پاریس بە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ یادی کرایەوە. بەپێی زانیارییەکان، عەلی دۆلەمەری نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا لەگەڵ شاندێکی حکوومەتی هەرێم کە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرییشی تێدایە، دوێنێ یەکشەمە لە ڕێوڕەسمی جەژنی نیشتمانیی فەڕەنسا بەشدار بوون.

هەموو ساڵێک لە 14ی تەموزدا لە شەقامەکانی پاریس و بەتایبەت شەقامی شانزە لیزێ بە چەندین چالاکیی جۆراوجۆر یادی ڕۆژی نیشتمانی دەکرێتەوە و وڵاتە کە هەموو ساڵێک یادی دەکرێتەوە. جێی باسە جەژنەکانی ڕۆژی باستیل "ڕۆژی نیشتمانیی فەڕەنسا"، یان لو کتوغز ژوئیە لەو وڵاتە پشووی فەرمییە و لە ساڵی 1880ەوە هەموو ساڵێک یادی دەکرێتەوە میژووەکەی دەگەڕێتەوە داگیرکردنی گرتووخانەی ترسناکی باستیل کە سەرەنجام "شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا"ی لێکەوتەوە. قەڵا، یان گرتووخانەی باستیل لە پاریس کە هێمای دەسەڵاتی ڕەهای "لۆیی شازدەیەم" بوو، لە 14ی تەموزی 1789دا بە دەستی شۆڕشگێڕانی پاریسی داگیرکرا.

پەیامی پێرۆزبایی بنەماڵەی رابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی

هەر بەڕێز کاک بەختیار عوسمان عەبدوڵعەزیز، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عەبدوڵڕەحمان شێخ عوسمان عەبدوڵعەزیز، کەسایەتی دیاری هەڵەبجە و هاوکات کوڕی شێخ عوسمان عەبدوڵعەزیز، رابەری پێشووتری بزووتنەوەی ئیسلامی، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و کابینەکەی دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

ڕێزدار جەنابی کاک مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پاش سڵاو و ڕێز و هیوای سەرکەوتنتان

کاندیدکردن و هەڵبژاردنی بەڕێزتان بۆ ئەم بەرپرسیارێتیە نوێیە و لەم هەلومەرجە هەستیارەدا، بژاردەیەکی بەپلان وپڕدانایی لەبەر ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی پێی بەهرەمەندن لەبواری پاراستنی ئاسایشی کوردستان و پەیبردن بە دزەکردنی هەرەشە، مەترسی، تیرۆر و گەندەڵی، بۆیە هەمووان بە ئومێدێکی بەرزەوە دەڕوانە ئەم خولەی ئیدارەی حکوومەت، تاکو ئاسۆی هیوای ئاسودەیی هەمیشەیی بگەڕێتەوە بۆ خەڵکی و هەمووان هەست بەو دادپەروەرییە بکەن، کە شیاوی کوردستانە .

جەنابی سەرۆکی حکوومەت، ئەم خولەی حکوومەتی هەرێم خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە، لە هەمان کاتیشدا خولێکی مێژوویی تاقیکردنەوەی سەختە، چونکە گشت بڕگە سەرەکییەکانی دەسەڵات و هێز لە دەستی ئەم بنەماڵە بەڕێز و خاوەن مێژووی خەباتەدایە و سپاردەیەکی مێژوویی لەئەستۆی بەڕێزتاندایە، کە ژین و دینی جەماوەری کوردستان پارێزراو بێت، لەتەک ئەو پێکەوە ژیانەی جێی شانازییە و بۆ گشت ئەم خواست و خەونانەش، تەوفیقی خودا پاشان پشتگیری ڕێنمایی و ئاراستەکردنی جەنابی سەرۆک بارزانی، گەرەنتی ئەم سەرکەوتنانەیە و ئێمەیش هەر ئەوەمان لەخودای گەورە داوایە.

عەبدولڕەحمان شێخ عوسمان عەبدولعەزیز

ئازاد جندیانی پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

ئازاد جندیانی، سیاسەتڤانی دیاری کورد، پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات، بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەکو سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان. ئازاد جندیانی لە پەیامی پیرۆزباییەکەیدا، دەڵێت: دڵنیاین لە درێژەی نزیک بە چوارسالّی داهاتووی حوکمڕانی بەڕێزتدا ئەو متمانەیە بەبەڕێزتان هەیە ڕوو لە زیادبوون و هەڵکشان ئەبێ.

دەقی پەیامەکەی ئازاد جندیانی:

برای بەڕێزم کاک مسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بەسڵاوێکی گەرمەوە، لەدڵەوە بەناوی خۆم و براو خوشک و خێزانەکەم و کوڕەکەم وکچەکانم و بەناوی کەسوکاری تری بنەماڵەی وەهاب ئاغاوە، پیرۆزبایی خۆمانت پێشکێش ئەکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنتان و دەستبەکاربونتان لەم پۆستە گرنگەدا، کە زۆربینەی هاوڵاتیان دڵیان خۆشە بە وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن بەڕێزتانەوەو هاوکات زۆر ئەبیسین و ئاگادارین کە ئومێدی زۆریان لەسەر تواناو شیانەکان و کەسایەتی بەڕێزت هەڵچنیوەو هاوکات متمانەیەکی زۆریان پێتە. هیوادارین ودڵنیاشین کە لە درێژەی نزیک بە چوارسالّی داهاتووی حوکمڕانی بەڕێزتدا ئەو متمانەیە بەبەڕێزتان هەیە ڕوو لە زیادبوون و هەڵکشان ئەبێ. ئێمەش بەو توانا متەوازعەی خۆم و بنەماڵەکەمان لەخزمەت دا ئەبین و بەپێی ئەو ئاراستە و ڕەوتە سیاسیەی کوردایەتی کە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی دایڕشتووە، هەموومان لەسەری ئەڕۆین. هیواخوازین کە وەک ئەرکەکانی پێشووترت ئەم ئەرکە تازەیەشتان قۆناخێکی وەرچەرخێن لە دەوڵەتداری کوردستاندا بنەخشینێ. سەرکەوتن بۆ ئێوەو شانازیش بۆ هەموومان.

بڕاتان/ ئازاد جندیانی

پەیامی پێرۆزبایی نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر

ڕێزدار جەنابی کاک مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

زۆر بەگەرمی پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی جەنابتان و بەڕێزان جێگر و ئەندامانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەبۆنەی وەرگرتنی متمانەی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەستپێکی قۆناغێکی تازەی پڕ لەهیواو ئومێد بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتن و سەقامگیری زیاتر لە هەرێمی کوردستان و قوڵترکردنەوەی پێکەوەژیانی برایانەی پێکهاتەکان و بەرەو پێشەوەبردنی شەراکەت و لێکتێگەیشتنی زیاتر لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور و پێکەوەیی بۆ ژیانێکی باشتر. هەولێری پایتەخت و جەماوەرەکەی ئومێدی گەورە دەخوازن بۆ درێژەپێدانی گەرموگوڕتر بە پرۆسەی ئاوەدانی و گەشەپێدان و وەدیهێنانی دەسکەوتی زیاتر لە تێکڕای بوارەکاندا و بەتایبەتیش باشترکردنی گوزەرانی خەڵک و دەستپێکردنەوەی کاروپرۆژەکان، بۆ ئەوەی هەولێری پایتەخت هەمیشە پێشەنگ و سەرقافڵەی ئاوەدانی و گەشەپێدان و سەقامگیری بێت. خودای گەورە پشتیوانتان بێت.

نەوزاد هادی
پارێزگاری هەولێر

پەیامی سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان

مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و هیوای خواستووە کە کورد لە باشووری کوردستان بە یەکگرتوویی زیاترەوە بەرەوڕووی ئەگەر و ئاستەنگەکانی قۆناغی نوێی ژیانی سیاسیی بێتەوە و لە ئەزموونی دیموکراسی و بنیاتنانی کوردستان بەردەوام بێ. دەقی پەیامەکە:

بەڕێز جەنابی کاک مەسرور بارزانی

سەرۆکی هەڵبژێردراوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

لەگەڵ سڵاو و ڕێز!

بەبۆنەی هەڵبژێردرانی جەنابت بە سەرۆکی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە ناوی خۆم و هاوڕێیانم لە ڕێبەریی حزبی دیموکراتی کوردستاندا گەرمترین پیرۆزباییت لێ دەکەم.

هیوا دەخوازین لەوهەلومەرجە گرنگ و هەستیارەدا کە گەلی کورد پێیدا تێ دەپەڕێ، خەڵک و هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بە لێکتێگەیشتن و یەکگرتوویی زیاترەوە ڕووبەڕووی ئەگەر و ئاستەنگەکانی ئەم قۆناغە ببنەوە؛ و هەڵبژێرانی جەنابیشت بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی بەردەم پڕۆسەی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان و عێراق. بێگومان ئەم ئەرکە قورس و ئەستەمە، بەڵام توانا و لێوەشاوەیی جەنابتان هیوادار بە بڕینی ئەم قۆناغەمان دەکات. لەگەڵ ئاواتی سەرکەوتنتان لە ئەرکی نوێدا.

مستەفا مەولوودی
سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان



سەرکۆنسوڵی گشتی ئێران لە هەولێر پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

مورتەزا عەبادی، سەرکۆنسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر، پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی، دەکات، بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەکو سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

مورتەزا عەبادی، سەرکۆنسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر، وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاشیگەیاند، هیواخوازن لە قۆناغی نوێدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆک وەزیران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئیرادەیەکی سیاسی هاوبەش و لەژێر سایەی پەیوەندییە مێژوویی و کولتووریییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان لە تەواوی بوارەکاندا بەرەوپێشتر و پتەوتر و بەرفراوانتر بکەن.

سەر کۆنسولی ئێران ئاماژەی بەوەش داوە، وەک دوو دراوسێ بەردەوامبوون لە پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئامانجی سەرەکییانە.

پەیامی پیرۆزبایی بارام وەلەدبەگی

سەرۆکی ئینستیتوتی کوردستان لە تاران، بارام وەلەدبەگیی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی کرد، ئەمەی خوارەوە دەڵەکەیەتی:

زۆر بەڕێز جەنابی کاک مەسرور بارزانی

سڵاو و خۆشەویستی

بەبۆنەی هەڵبژاردنتان وەک سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، گەرمترین پیرۆزباییان ئاراستە دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

بارام وەلەدبەگی

سەرۆکی ئینستیتوتی کوردستان – تاران

پەیامی پیرۆزبایی نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر

ڕێزدار جەنابی کاک مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

زۆر بەگەرمی پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی جەنابتان و بەڕێزان جێگر و ئەندامانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەبۆنەی وەرگرتنی متمانەی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەستپێکی قۆناغێکی تازەی پڕ لەهیواو ئومێد بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتن و سەقامگیری زیاتر لە هەرێمی کوردستان و قوڵترکردنەوەی پێکەوەژیانی برایانەی پێکهاتەکان و بەرەو پێشەوەبردنی شەراکەت و لێکتێگەیشتنی زیاتر لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور و پێکەوەیی بۆ ژیانێکی باشتر. هەولێری پایتەخت و جەماوەرەکەی ئومێدی گەورە دەخوازن بۆ درێژەپێدانی گەرموگوڕتر بە پرۆسەی ئاوەدانی و گەشەپێدان و وەدیهێنانی دەسکەوتی زیاتر لە تێکڕای بوارەکاندا و بەتایبەتیش باشترکردنی گوزەرانی خەڵک و دەستپێکردنەوەی کاروپرۆژەکان، بۆ ئەوەی هەولێری پایتەخت هەمیشە پێشەنگ و سەرقافڵەی ئاوەدانی و گەشەپێدان و سەقامگیری بێت. خودای گەورە پشتیوانتان بێت.

نەوزاد هادی
پارێزگاری هەولێر

پەیامی پیرۆزبایی عومەر ئۆسێ بەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی سووریا

برای بەڕێز مەسرور مەسعود مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان

پیرۆزبایی لە گەلەکەمان لە کوردستان و سەرانسەری عێراق و هەموو کوردانی جیهان دەکەم، بە هەڵبژاردنت وەک سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی متمانە لە پەرلەمان.

سەرۆک وەزیرانی بەڕێز، ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە، کە ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەگرێتەوە و هەروەها دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوەی ناوماڵی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشبردنی پەیوندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی فیدرالّ لە بەغدا، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکان لەگەڵ ولاّتانی دراوسێ، بەتایبەت لە نێوان هەولێر و دیمەشق. لەگەڵ هیوای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی زیاتر بۆ بەڕێزتان.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیر.

عومەر ئۆسێ، پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی سووریا

پەیامی پێرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

لێپرسراوی گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دووتوێی پەیامێکدا پیرۆزبایی حزبی دیموکراتی گەیاندە مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی تازەهەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانی عێراق.

دەقی پەیامەکە

زۆر بەڕێز/جەنابی کاک مەسرور بارزانی:

سڵاوێکی دۆستانە،

لە لایەن خۆم و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پیرۆزبایی گەرمتان پێشکەش دەکەم، بە بۆنەی هەڵبژاردنتان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وەک سەرۆک وەزیرانی ئەو هەرێمە.

بێگومان لەم قۆناغەدا کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ زۆر کێشە و کەموکوڕیی ناوخۆیی و دەرەکی بەرەوڕوویە و چاوەڕوانییە خەڵکیش لە کابینەی نوێی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی بەڕێزتان لە ئاستێکی بەرزدایە، بەرپرسیاریەتییەکی زۆر گەورەتان کەوتووەتە سەرشان.

هیوادارین بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە و لە هەمان کاتدا، کەڵک وەرگرتنی بەجێ لە هەموو دەرفەتەکان، بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بن و هەرێمی کوردستان بەرەو کەناری ئارامی، ئاشتی و ئاوەدانی ڕاکێشن. لەگەڵ ڕێزی دووبارەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

لێپرسراوی گشتی/ مستەفا هیجری

مەشعان جبووری پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

لە توێتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، مەشعان جبووری، کەسایەتی سیاسی عێراقی و ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: سەرۆک مەسرور بارزانی بەڕێز، هەواڵێکی دڵخۆشکەرە بۆ دۆستەکانت و هەموو ئەوانەی متمانەیان بە تواناکانت هەیە، کە منیش یەکێکم لەوان، کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان متمانەی بە خۆت و حکوومەتەکەتیدا، ئەم هەنگاوە مژدەبەخشە بۆمان، بەوەی کە لە ئایندەدا دەبێتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنێکی زیاتری ئابووری و سەقامگیری ئەمنی بەخۆیەوە دەبینێت، کە پێشتریش ڕۆڵێکی کاراتان لەو بوارانەدا هەبووە".

دڵسۆزتان مەشعان جبووری

پەیامی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی کرد

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا لە پەیامێکدا، پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خێر و خۆشی گەلی کوردستان و گەشەکردنی هەرێمی کوردستان بۆ خواست. لە پەیامەکەدا مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ژ سووریا، رایگەیاندووە، هەڵبژاردنی بەڕێزتان بۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی کوردستان لەم قۆناغە گرنگەی مێژووی گەلی کوردستان پێویستییەکی گرنگە و ئاماژەیە بۆ بایەخی ڕۆڵی بەڕێزتان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان و لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی بۆ خزمەتی کوردستان و گەلەکەی. هەروەها ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ پێشکەوتن و دڕووستی ئەو پرۆژە نەتەوەییەی کوردستان، کە مستەفا بارزانیی نەمر بناغەی دارشتووە و سەرۆکی تێکۆشەر مەسعود بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات. هەروەها هاتووە: ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی- سووریا ، پشتیوانی خۆمان بۆ بەڕێزتان دووپات دەکەینەوە و لە سۆنگەی بڕوابوونمان بە ڕێباری کوردایەتی کە ڕێبازی بارزانیی نەمر بووە.

پەیامی پێرۆزبایی عومەر ئۆسێ لە پەرلەمانی سووریا

برای بەڕێز مەسرور مەسعود مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان

پیرۆزبایی لە گەلەکەمان لە کوردستان و سەرانسەری عێراق و هەموو کوردانی جیهان دەکەم، بە هەڵبژاردنت وەک سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی متمانە لە پەرلەمان.

سەرۆک وەزیرانی بەڕێز، ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە، کە ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەگرێتەوە و هەروەها دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوەی ناوماڵی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشبردنی پەیوندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی فیدرالّ لە بەغدا، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکان لەگەڵ ولاّتانی دراوسێ، بەتایبەت لە نێوان هەولێر و دیمەشق. لەگەڵ هیوای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی زیاتر بۆ بەڕێزتان.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیر.

عومەر ئۆسێ، پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی سووریا

یەکێتی زانایانی ئیسلامی پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی و حکوومەتەکەی دەکات

سەرۆکی یەکێتی زانایانی کوردستان پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت و کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. لە پەیامێکدا بەبۆنەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دکتۆر عەبدوڵلا مەلا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی کوردستان پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی و حکوومەتەکەی دەکات. ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بەناوی سەرجەم زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی کابینەی تازە لە بەڕێزتان و جێگر و ئەندامانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کودستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

هیوادارین پێکهێنانی حکوومەتی تازە بێتە فاکتەری سەقامگیری و حوکڕانیەکی باش و خزمەتگوزار، کە لە ئاست چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان و خەبات و قوربانیدانی گەلەکەمان بێت.

ئەو کابینە تازەیە بە هەموو ڕەهەند و مەهامەکانیەوە، بەرپرسیاریەتێکی گەورە و میژوویی و هەستیاری هەیە، دەخوازین لە خزمەتکردن، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بیری تووندڕەوی، ریشەکێشی گەندەڵی، نادادپەروەری و نهەێشتنی کەموکوڕییەکان جێدەستی دیار بێت و بە ئەزموون وەرگرتن لە رابردوو و ئەجێندا و ڕووئیابینی تازە و هاوچەرخانە، زەمینەیەکی گەش و ئومێدبەخش بێنێتە کایەوە.

لەهەمان کات ئێمە وەکو زانایانی ئایینی چاوەڕوانی زۆرمان هەیە لەوحکوومەتە، کە بتوانێ لە چوارچێوەی بەهای بەرزی مرۆیی و ڕێزگرتن لە ئایین و ئاینزاکان، بەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خزمەتکردنی زانایانی ئایینی خەمخۆرێکی جدی بێت و پرسی پێکەوەژیانی ئایینی لەبەرچاو بگرێت.

گرنگە تیمی تازەی ئەو کابینەیە بە ڕۆحیەتێکی ماندوونەناسانە، فراوان و وردبینانە و بە بەرنامەی چڕ و پڕ و دوور لەدەمارگیری تەسکی حزبایەتی خزمەت بکات و ببێتە حکوومەتی ڕاستەقینەی نیشتمانی و لەئاست خواست و ویستی کوردستانیان بێت.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە بەڕێزتان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، خوای گەورە یارمەتیدەر و پشتیوانی هەموو لایەک بێت.

د. عەبدوڵلا مەلا سەعید گرتگی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر جووتیاران ئاگادار دەکاتەوە

بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر ڕایگەیاند: پێویستە هەموو جووتیاران تەنها ئەو بڕە گەنمەی لەلایەن فەرمانگە کشتوکاڵییەکانەوە بۆیان دیاری کراوە بیهێننە سایلۆی هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ کوردستان تیڤی ڕایگەیاندوە، پێویستە هەموو جووتیاران ئەو بڕە گەنمەی لەلایەن فەرمانگە کشتوکاڵییەکان بۆیان دیاری کراوە بیهێننە سایلۆی هەولێر بە بێ هیچ زیادکردنێک. ئیبراهیم عەبدول بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ کوردستان تیڤی ڕایگەیاندوە، پێویستە هەموو جووتیاران ئەو بڕە گەنمەی لەلایەن فەرمانگە کشتوکاڵییەکانەوە بۆیان دیاری کراوە بیهێننە سایلۆی هەولێر بە بێ هیچ زیادکردنێک و لەئەگەری زیادبوونیشدا ئەو بڕە گەنمە لە جوتیار وەرناگرین، چونکە هەر جووتیارێک زانیاری هەیە کە دەبێت چەند تۆن گەنم بهێنێتە سایلۆ. ئاماژەی بەوەشدا لە پازدە پارێزگای عێراق، جووتیاران دەتوانن لەسەدا دەی گەنمی زیادە پێشکەش بکەن لەسەر ئەو بڕەی بۆیان دیاری کراوە، بەڵام بە پێی بڕیاری وەزارەتی بازرگانی عێراق ئەم بڕیارە پارێزگای هەولێر ناگرێتەوە بۆیە ئاگاداری سەرجەم جووتیارانی سنووری پارێزگای هەولێر دەکەینەوە هیچ بڕە گەنمێکی زیادە وەرناگرین.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو قادر حاجی سەعید عەلی قوباد

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری شاری سلێمانی، خوالێخۆشبوو (قادر حاجی سەعید عەلی قوباد)ی سەرۆک عەشیرەتی مەفی.

بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزمانی عەشیرەتی مەفی و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.

لە خودای گەورە داواکارین سەبوری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

إنالله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

هەولێر... کتێبخانەی مانّی وەفایی سووتێندرا



شەوی ڕابردوو مانّی وەفایی تایبەت بە فرۆشتنی کتێب، چالاکی ئەدەبی، بلاوکردنەوە و چاپکردنی کتێب، سووتا و خاوەنەکەیشی، نووسەر فەرهاد پیرباڵ تۆمەتبار دەکات. خاوەنی مانّی وەفایی لە هەولێر، سۆران عەزیز ڕایگەیاند کە بە هۆی ئەوەی کێشەی چاپکردنی کتێبی هەبووە، بۆیە زیاتر لە هەفتەیەکە، فەرهاد پیرباڵ هەڕەشەی سووتاندنی کتێبخانەکە دەکات و ئاشکرایشی دەکات کە ئەوان پۆلیسیان لە هەڕەشەکان ئاگادارکردۆتەوە، بەڵام گوێیان بۆ نەگیراوە. سۆران عەزیز گوتیشی: پێشتریش فەرهاد پیرباڵ بە تەلەفۆن و بەڕاستەوخۆش هەڕەشەی لە ئێمە کرد و هەڕەشەکانمان گەیاند بە پارێزگار و پۆلیس، ئەوانیش گوتیان باوەڕ ناکەین شتێکی وا ڕووبدات کە بەداخەوە حاڵەتەکە بەشەو ڕوویدا و کتێبخانەکەی سووتاند، هەروەها پێشتریش نامەمان بۆ بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری نارد‌ووە تا ئێستاش وەڵامی نامەکەی نەداوەتەوە. لەبارەی زەرەر و زیانەکانی ناو کتێبخانەکە، سۆران عەزیز گوتی: هیچ زیانێکی گیانی نەبووە، بەڵام نزیکەی پێنج هەزار ناونیشانی تیادایە کە بەشێکی سووتاوە و تا ئێستا هیچ لایەنێک بەهانامانەوە نەهاتووە و ئێمە سکاڵای خۆمان تۆمارکردووە. مانّی وەفایی دەکەوێتە گەڕەکی ئەندازیاران باکووری خۆرئاوای شاری هەولێر لە نێوان شەقامی سەد مەتری و چل مەتریدایە و بە شێوەیەکی بەردەوام چالاکی ئەدەبی لێ ئەنجام دەدرێت.

بەڕێرسێ لقی 9: هەردەم و لدویڤ یاسایێ پارتی و ڕێبازا پیروزا بارزانی خوە ل چارەسەرکرنا ئاریشەییّن جڤاکی کری یە خودان



لدرێژەدان ب چارەسەرکرن و بنبڕکرنا ئاریشەییّن جڤاکێ لدەڤەرێ و بن برکرنا ڤان ئاریشەییّن جڤاکی، ل هولا بارەگایێ لقی9 و ب سەرپەرشتیا سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقی9 و ب بەرهەڤبوونا کارگێریا لقێ و نڤیسینگەها کومەلایەتیا لقی 9و نڤیسینگەها کومەلایەتیا لقێ10 و پیاو ماقویل و ڕەسپی ییّن دەڤەرێ ئاریشەیەکا جڤاکی دنێڤبەرا دوو مالباتان ل سنورێ ناحیا خەلیفان و ناحیا دینارتێ هاتە چارەسەر کرن، پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ پەیڤەک ژ لایێ بەرپرسێ لقێ ڤە هاتە ئاراستە کرن و تێدا ئامازە دا هندێ کو هەردەم دوژمن و نەحەزێن گەلێ کوردستانێ هەولا دروستکرنا ئاریشەیان و دووبەرەکییّ دنێڤبەرا جڤاکێ کوردستانێ دا دایە بو پەرتەلاڤبوونا جڤاکی کو ئەڤێ ژی مەرەمێن خو ییّن چەپەل پێ هەبووینە، لێ هەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازا پیروزا بارزانی خوە ل چارەسەرکرنا ڤان ئاریشەیان کری یە خودان و هەولا چارەسەرکرنێ دایە لدویڤ یاسایێ کو ل هەر ل پشتی سەرهلدانا بهارا سالا 1991ێ و هەتا ئەڤرۆ ب سەدان ئاریشەییّن جڤاکی ل سنورێ لقی9 هاتینە چارەسەرکرن و بەرنامە ژی دێ بەردەوام بیت بۆ نەهێلانا هەر ئاریشەیەکێ ل دەڤەرێ هەبیت وئەم باش گرنگیا چارەسەرکرنا ڤان ئاریشەیان دنێڤ جڤاکی خۆدا دزانین و ئەم ب ئەرکێ خۆ یێ ئەخلاقی و ئایینی و نەتەوی ونیشتیمانی ژی دزانین، لدویماهیێ بەرپرسێ لقی 9سوپاسیا نڤیسینگەها کومەلایەتیا لقی9 و تەڤایا وان کەس و لایەنان کر ئەوێن بوینە هاندەر و پشتەڤان بو چارەسەرکرنا ڤێ ئاریشێ و سوپاسیا هەردووک مالباتان ژی کو لدویڤ داخوازیا وان هاتین بۆ ژ بنبڕکرنا ڤێ ئاریشێ و هەردوو مالباتان ژی سوپاسییّن خوە ئاراستەیی لقی9 و نڤیسینگەها کومەلایەتیا لقێ و تەڤایا کەس و لایەنان کرن کو بوینە هاریکار و پشتەڤان بو چارەسەرکرنا ئاریشەیا وان یا جڤاکی و سوزدان ژی کو ل ئەڤرۆ پاشڤە وەکو برا پێکڤە بژین. هەژی یە بێژین کو ئەڤ ئاریشەیە بەربیا بیست و پێنج سالان دنێڤبەرا ڤان هەردوو مالباتان هاتبوو ڕوویدان هاولاتی ژی ل هەردوو ئالیان هاتبوونە کوشتن.

مەسعوود نووری: بڕیارە لەچەند ڕۆژی داهاتوو ڕێگەی گوێڕ - مووسڵ دەکرێتەوە



ڕێگای گوێڕ- مووسڵ، کە لە ڕێگەی پردێکی درێژەوە دەست پێدەکات، بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بکرێتەوە، بەڕێوەبەری شارەدێی گوێڕی سەر بە قەزای مەخمووریش ئاشکرای کرد، پردی گوێڕ گەورەترین پردی عێراقە و پارێزگای مووسڵ بە پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە دەبەستێتەوە. مەسعوود نووری، بەڕێوەبەری شارەدێی گوێڕ، ڕایگەیاندوە: لەگەڵ هێرشی تیرۆریستانی داعشدا، پردی گوێڕ وەک گەورەترین پردی عێراق بەشێکی تەقێندرایەوە و زیانی زۆری بەر کەوت، لە دوای دەستپێکردنی شەڕی داعش و دواتر ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، ڕێگای گوێڕ- مووسڵ گیراوە، بەڵام کەوتوونەتە خۆئامادەکردن بۆ کردنەوەی ڕێگاکە و بڕیارە لە چەند ڕۆژی ئایندەدا ڕێگای گوێڕ- مووسڵ بە ڕووی هاووڵاتیاندا بکرێتەوە. بەڕێوەبەری شارەدێی گوێڕ بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەشڵێت: پردی گوێڕ، کە پارێزگای مووسڵ بە شارەکانی دیکەی عێراقەوە دەبەستێتەوە، درێژییەکەی هەزار و 350مەتر و گەورەترین پردە لە عێراق، کە کردنەوەی پردەکە، سوودێکی زۆری هەیە بۆ دانیشتوانی مووسڵ و هەموو عێراق، چونکە ڕێگایەکی بازرگانیی گرینگیشە و بە کردنەوەی هاتوچۆی نێوان قەزای مەخمور و مووسڵیش دەست پێدەکاتەوە. مەسعود نووری ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: لەگەڵ کردنەوەی ڕێگای گوێڕ- مووسڵ، دەست بە پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی پردی گوێڕ دەکرێت و پێنج ملیار دیناری عێراقی بۆ نۆژەنکردنەوەی پردەکە خەرج کراوە، کە بە هۆی شەڕی داعشەوە زیانی بەرکەتبوو.

ئاکرێ: پێشبینی دهێتەکرن ئەڤسالّە بەرهەمئینانا سماقێ زێدە تر بیت




خەبات – شیراز چاربۆتی:

ل پرانیا ناوچە و دەڤەرێن کوردستانێ سماق دهێتە چاندن ل دەڤەرەکێ بو دەڤەرەکا دی ڕێژا وێ پترە ل سنورێ قەزا ئاکرێ ڕێژەکا بەرفرەها ڕەزێن سماقێ هاتینە دانان و سالانە ژیان و ژیارا خەلکێ لسەر بەرهەمێ سماقێ یە.

ئەرکان زێباری ڕەزڤانەکێ دەڤەرا ئاکرێ یە بۆ خەبات گوت: ئەم ل گوندان گەلەک گرنگیێ ب بەرهەمێن خومالی دەدین نەمازە چاندنا سماقێ کو بەرهەمەکێ خورسکیە و ژیارا گەلەک کەسان لسەر فروتنا وێ یە سالانە،مخابن لبەر وێ ڕەوشا ئالوزا ل دەڤەرێ بهایێ وی گەلەک ئەرزان بویە نوکە کێلو ب 1750 دینارایە و پێشبینی دکەین کو ئەرزانتربیت ژبەرکو گەلەک سماق دکەڤیتە دناڤ بازاری دا و ناچیتە دەرڤە ژی لەوما ئەرزان دبیت، لبەر نەفروتنا وێ دبازاری دا نەچارین ب ئەرزانی بفروشین و پێشبینی دکەین ژبەر ڕێژەکا زورا بارانێ بەرهەمێ وێ زێدەتر بیت ل سالا بووری ل دەڤەرا ئاکرێ سێ جورێن سماقێ هەنە وەک سماقا سور، سپی، بالیکی جورێ سماقا سپی وبالیکی پێش سماقا سور دهێتە چنین ب چەند ڕۆژەکان.

ئەحمەد جەمیل ڕێڤەبەرێ چاندنا ئاکرێ بۆ خەبات گوت: پتر ژ 11 هزار دونەمێن ئەردی ل ئاکرێ ب سماقێ هاتینە چاندن ڕێژەیا وێ ل گەل بهایێ وێ سالانە جوداهی ب سەر دا دهێت ئەڤسالّە بەرهەمێ سماقێ گەلەک یێ باشە ل چاڤ سالێن بۆری دو جارکی زێدەکریە پێشبینی دکەین پتر ژ سێ هزار تەن سماق ل دەڤەرا ئاکرێ بهێنە بەرهەمئینان ژلایێ جوتیارو ڕەزڤانێن دەڤەرێ ڤە.

ژمارەیەک ڕێنمایی نوێی دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرت بلاوکرایەوە



لەراگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی ژمارەیەک ڕێنمایی نوێ لەسەر دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرت ڕاگەیاند. بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕایدەگەیێنێت، بەپێی ڕێنماییەکان منداڵی دووانە (جمک) نابێت هەمان جلوبەرگیان پۆشی بێت و هەر هاووڵاتییەکیش تەمەنی لە خوار ساڵی 1960ەوە بێت پێویستە کورپک یان کچێکی لەگەڵ بێت و پێناسی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی پێبێت.

بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی دەشڵێت، هاووڵاتیان ئاگادارەکەینەوە کە لەکاتی دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرتدا، پێویستە لەکاتی وێنەگرتندا لەبەردەم ئەفسەری پاسپۆرت چاویلکەی لەچاونەبێت و کاسکێت و کڵاوی لەسەر نەبێت و لەدوای نەشتەرگەری جوانکاری لەژگە بەلووتییەوە نەبێت و دەموچاویشی بەرنداری بەرچاوی پێوەنەبێت.

پاسپۆرتی سلێمانی ڕاشیدەگەیێنێت، بۆ منداڵی دووانە (جمک) نابێت هەمان جلوبەرگیان پۆشی بێت و هەر هاووڵاتییەکیش تەمەنی لەخوار ساڵی 1960ەوە بێت پێویستە کوڕ یان کچێکی لەگەڵ بێت و پێناسی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی پێبێت و لەکاتی دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرت بۆ منداڵی خوار 18 ساڵ ئەگەر باوکی لەژیاندا نەمابێت پێویستە (حجە الوصایە)ی پێبێت. بەڕێوەبەرایەتییەکە بلاویشتی کردۆتەوە کە هەر هاووڵاتییەک پەنجەمۆری خۆی وەرنەگیرا و پەنجەمۆری کەسی نزیکی وەرگیرابوو، دەبێت لەکاتی وەرگرتنەوەی پاسپۆرتەکەیدا هەمان کەسی لەگەڵدابێت، هەروەها بەخێوکار دەتوانێت پاسپۆرتی منداڵەکانی لەخوار تەمەنی 18 ساڵییەوە وەربگرێتەوە بەبێ ئامادەبوونی منداڵەکەی.

مێرگەسۆر... 7 کەس بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ بوونە قوربانی



بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی سۆران ئاشکرای کرد، بەهۆی ڕووداوێکی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل لە سنووری شارۆچکەی مێرگەسۆر، 7 کەس بوونەتە قوربانی. بەردەبەیانی دوێنێ یەکشەممە 2019/7/14 بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی سۆران ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا باس لەوە کراوە، کاتژمێر 10ی شەوی ڕابردوو، لە گوندی شێخ وەتمانی سنووری شارەدێی پیرانی سەر بە شارۆچکەی مێرگەسۆر، ئۆتۆمبێلێکی پیکاب کۆنترۆڵی لەدەست دا و وەرگەڕا، بەهۆی ڕووداوەکەش کچێکی تەمەن 9 ساڵان گیانی لەدەست دا، 6 کەسی دیکەش بریندار بوون. ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە سەرجەمیان ئەندامی یەک خێزانن و دانیشتووی گوندێکی سنووری مێرگەسۆرن، هەروەها بریندی یەکێک لە بریندارەکانیش، کە منداڵێکی تەمەن 7 ساڵانە، سەختە.

ڕێگاوبانەکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە

بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبان گرنگی بە چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان دەدات

ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی

ڕۆژانە هاوواڵتیان گلەیی و گازندە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەکەن کە بۆچی ڕێگاوبانەکانی دەرەوە دووبارە قیرتاو ناکەنەوەو هەوڵی چاککردنەوەی دەدەن ئەگەرچی ئەو ڕێگاوبانانە شادەماری ئابووری کوردستانن و هاوواڵتیان خوازیارن حکومەتی تازەی هەرێم پرۆژەی تۆری ڕێگاوبانەکان دووبارە دەخاتە بەرنامەو هەموو ڕێگا یەک سایدەکان بکرێتە جووت ساید تا چیتر ئەو ڕێگاوبانانە نەبنە دێوەزمەی مەرگ بۆ هاوواڵتیان دەربارەی ئەو بابەتە وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد





ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین:

خەریکی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەوروبەری هەولێرین

ڕۆژانە هاوواڵتیانی دەوروبەری هەولێرو گەشتیاران گلەییان لە خراپ بوونی ڕێگاوبانەکان دەکەن بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەک لە هاوواڵتیان سەبارەت بە خراپی ڕێگاوبانەکان گلەییان هەیە

محەممەد شوفێری هێڵی سۆران هەولێرەو گووتی: بەڕلە قەیرانی دارایی چەندین پرۆژەی گرنگی ڕێگاوبان لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەبواری ڕێگاوبان ئەنجامدرا و بووە مایەی بەختەوەری هاوواڵتیان و شوفێران، بەڵام بەداخەوە ماوەیەکە قەیرانی دارایی نەماوە نازانین بۆچی ڕێگاوبانەکان فەرامۆش کراوەو بودجەی پێویست نییە بۆ دووبارە قیرتاو کردنەوەی ڕێگاوبانەکان هیوادارین کابینەی تازەی حکومەتی هەرێم لە سەرەتای بەرنامەی خۆی گرنگی بە ڕێگاوبانەکان بدات

لوقمان شوفێریکی دیکەبوو گووتی: ڕێگاوبانەکان ڕۆژانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان چاکک دەکرێتەوە بەڵام ئەو ڕێگاوبانانە بە چاککردنەوە چارەسەر ناکرێ بەڵکو بە دووبارە قیرتاو کردن چاک دەبێتەوە

شاکر شوفێریکی دیکەبوو گووتی: بەجووت سایدکردنی ڕێگاوبانەکان پرۆژەیەکی گرنگی حکومەتی هەرێم بوو، بەڵام قەیرانی دارایی نەیهێشت بەرنامەکە ئەنجام بدرێت ئومێدیکی گەورەمان بە کابینەی تازەی حکومەتی هەرێم هەیە تا زیاتر گرنگی بە ڕێگاوبانەکان بدرێت.

کاروان هێمداد دانیشتووی شاری کۆیە گووتی: ماوەی چەندین ساڵە ڕێگای کۆیە بۆتە دیوەزمەی مەرگ بۆ هاوواڵتیان دەبووایە حکومەتی هەرێم چارەیەکی بۆ فراوانکردنی ئەو ڕێگایە هەبووایە تا چیتر هاوواڵتیان یەلەو ڕێگایە دووچاری ڕووداوی هاتوچۆ نەدەبوون.


کەریم سلێمان دانیشتووی هێران گووتی: ماوەی چەندین ساڵە ڕێگاوبانەکانی دەوروبەری هێران گرنگی پێ نەدراوەو چاکیش نەکراوەتەوە ئەوەتا ڕێگای گوندی فریز بەتەواوی لەکار کەوتووەو لەشەواندا هەموو شوفێران ناتوانن هاتوچۆ لەسەر بکەن و ڕێگایەکی ستراتیژیە و بارهەڵگرەکان ئەو ڕێگایەیان تێکداوەو چاوەڕوانی حکومەتی تازە دەکەین کە ئەو ڕێگایەمان بۆ چاک بکاتەوە


بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبان بەردەوام ڕێگاوبانەکان چاک دەکەنەوە

ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: ئیمە بەردەوام لەلایەن تیمەکانەوە خەریکی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەوروبەری هەولێرین و توانیومانە ڕێگای دوورترین گوندی سەرسنوور چاک بکەینەوەو چەندین تیمی پسپۆڕی ڕێگاوبانمان هەیەو بڕیتین لە ئەندازیارو تیمی تەکنیکی و ئامێری جۆراوجۆریان هەیەو چەندین کارو چالاکی گەورەیان لە دەوروبەری هەولێر بۆ دواییەی کەرتەکان بڕیتییە لە: هەتا ڕۆژی 13/7 تیمەکان ئەو کارانەیان بە ئەنجام گەیاندووە:

پرۆژەی قیرتاو کردنەوەی ڕێگای پیران- کاولان- سەروکانی کە درێژی ڕێگاکە زیاتر لە 4کیلۆ مەتربوو قیرتاو کردنی ڕێگای ناوڕۆین - هەسنان- گەڕووی بیشێ بە درێژی 12کیلۆ مەتر قیرتاو کردنی چەند شوێنێکی تێکچووی ڕێگای سەرەکی سۆران ژچۆمان لە نزیک پردی جوندیان و بازگەی جوندیان لەلایەن کەرتی چواری سۆران و چاککردنەوەی ڕێگای ساکا لە ناحیەی بارزان و تیکەڵە ڕێژکردن و قیرتاو کردنی گۆڕەپانێک لە بلێ لە دەڤەری بارزان کەوتە بواری جیبەجێ کردن و کاری فریدانی خۆڵ و بەرد لەسەر ڕێگای گوندی کارو چالاکی گەورەیان لە دەوروبەری هەولێر بۆ ڕێگای دەروازەی سنوری مێرگەسۆر- ڕووبارۆک لە سنوری میرگەسۆرو دانانی بۆڕی ئاسنی ئارامکۆ بۆ ڕێگای گوندی کێشکێ کە پرۆژەیەکی گرنگە بۆ ڕێگاکانی قەزاکانی سۆران ژ چۆمان- ڕەواندوزو چاککردنەوەی ڕێگای نیوان ناحیەی کەسنەزان ژ پیر ڕەش ژ کۆلیژی پۆلیس کە زۆر تیکچووبوو جگەلەوە چەندین ڕێگا لەقەزاکانی سۆران- چۆمان حاجی ئۆمەران تیکچووبوون توانرا لەلایەن کەراتەکانی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر چاککراونەتەوە جگەلە ڕێگاوبان توانیومانە گرنگی بە پردەکانیش بدەین، وەک چاککردنەوەو قیرتاو کردنەوەی پردی تەنگەتور ژ نیروان چاککرایەوە جگەاەوە توانرا کاری دانانی پەرژینی بی ئار سی بۆ پردی ئاسنی جوندیان و کاولۆکان و دروستکردنی دیواری گایۆن بۆ پردی ئاسنی خانەقا و پرۆژەی دانانی بۆری ئاسنی ئارامکۆ بۆ ڕێگاکانی قەزاکانی سۆران ژچۆمان ڕەواندوزو تەواوکردنی چینی دەبل دریسینگ و بەستانەوە لە ڕێگای نیوان باسرمە ژ هەرێر دیارە ڕۆژانە هەموو ئەو تیمانە پشکنین و گەڕان بۆ ئەو ڕێگاوبانانە دەکەن کە تیکچوونە و بۆ ئاینەدەش چەندین دەرخستەی ڕێگاوبانمان ئامادەکردووەو چاوەڕوانی حکومەتی تازە دەکەین.

هاوواڵتیان: خۆزگە ڕێگاوبانەکان بە تەواوی قیرتاو دەکرانەوە، نەک چاککردنەوە





تویکڵەکەی شووتییە و ناوەکەی کاڵەکە و تامی خەیارە..!

دانیشتووانی ئورفا لەبری شووتی و کاڵەک شەلەنگۆ دەخۆن





پاکووری کورستان: ئورفا

لە شارۆچکەی ڤیرانشەهیری ئورفا، داواکاریی بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی داهینان "پاتینت"ی (شەلەنگۆ) کە دەرەوەی شووتییە، ناوەکەی کاڵەکە و تامی وک خەیار وایە، پیشکەشکرا.

لە شارۆچکەی ڤیرانشەهیری ئورفا، داواکاریی بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی داهینان "پاتینت"ی (شەلەنگۆ) کە دەرەوەی شووتییە، ناوەکەی کاڵەکە و تامی وک خەیار وایە، پیشکەشکرا بە ژووری کشتوکاڵی ڤیرانشەهیر کرا.

سەرۆکی ژووری کشتوکاڵی ڤیرانشەهیر، بەحری ئەکینجی، لە لیدوانێک ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەکرد شەلەنگۆ کە لەمانگی ئادار دەچێنریت و لە مانگی ئایاردا پیدەگات، تایبەتە بە دەشتی ڤیرانشەهیر.

ئیکینجی باسی لە داواکاریی تۆمارکردنی شەلەنگۆ کرد و گوتی: هەوڵێکی زۆر دەدەین بۆ ناساندنی. شەلەنگۆ کە بەرهەمێکی خۆمالێی ڤیرانشەهیرە، داوامان کرد لە دامەزراوەی پاتینت و مارکەی تورکی بۆ تۆمارکردنی. باوەڕمان وایە کە ئەنجامی ئەرینی وەردەگرین. باوەڕمان وایە کە لەمەودوا باشتر دەتوانین ئەم بەرهەمە بناسینین.

موسا ئاکمان یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی شەلەنگۆ و ڕایگەیاند، ماوەی 100 ساڵە لەو ناوچەیە شەلەنگۆ بەرهەم دەهێنریت.

ئاکمان گوتیشی: لەناوچەی ڤیرانشەهیر خەڵکی زیاتر شەلەنگۆ دەخۆن تا شووتی و کاڵەک. لەبەرئەوەی لەکاتی بەرهەمهێنانیدا پەینی کیمیایی بەکارناهێنریت، زۆر سروشتییە. زیاتر لە باکووری کوردستان شوینی گونجاو هەیە بۆ بەرهەمهێنانی.

لە یادی 76هەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی دووەمی بارزان 1945-1943 بە سەرۆکایەتی رابەری کورد بارزانیی نەمر

ئامۆژگارییەکانی شێخ ئەحمەد بارزانی بۆ مستەفا بارزانی لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا:
لە کاتی هەڵسوکەوتت لەگەڵ خەڵک، ئاگاداری حەق و ڕاستی بە، هەرگیز لەخۆبایبوون نەچێتە دڵتەوە، هەتا دڵنیا نەبی لە سەرکەوتن، چەندی بۆت دەکرێ خۆت لە شەڕ بپارێزە و ئەگەر کەوتیە بەردەستی دوژمن، دانوستاندنیان لەگەڵدا مەکە





خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

لە کاروانی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلەکەماندا چەندین شۆڕش و وێستگەی گرنگ هەن کە پێویستە بەردەوام بە زیندوویی ڕابگیرێن. شۆڕشی دووەمی بارزان (**1945-1943**) بە سەرۆکایەتی ڕابەری کورد بارزانیی نەمر یەکێکە لەو شۆڕشە نیشتمانیانەی کە لەو قۆناغەدا ڕوڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبووە.

سەرۆک بارزانی لە کتێبی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد دەنووسێ: لە کاتی شەڕ دووڕخستنەوەی بارزانییەکان بۆ سلێمانی دەستی پێ کرا، ساڵی **1940** لە ناسریەوە هاتنە ڕاگوازتن. سلێمانی لەو سەردەمەدا مەڵبەندی چالاکی و هەڵسوڕانی کۆمەڵە و کورد کەسانی سیاسی بوو. ئەمەش دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ بارزانی تا پەیوەندی بەوانەوە بکات و بیرورا ئاڵوگۆڕ بکەن. لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی بە ناوچەی بارزانەوە بکات. وەکو دەزانەوت ژمارەیەکی زۆریان لە ناو چیایەکاندا جێی خۆیان کردبووە و هەندێکیان چوونەتە ڕیزی پۆلیس و بەسەر پۆلیسخانەکاندا دابەش کرابوون، جگە لەوەی ژمارەیەکیان لە دەست تەنگ پێهەڵچنینی پۆلیس و حکوومەت پەنایان بردبووە ئێران. لە پاش کۆمەڵێ پەیوەندی کە هەتا ساڵی **1943** درێژەیان کێشا، بارزانی دڵنیا بوو کە دۆخەکە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش سازە. چونکە ناوچەکە کە لەجۆشدا بوو و خەڵک لە دەستدرێژیی حکوومەت و هێزی پولیس وەڕز بووبوون و چاوەڕوانی ڕۆژی ڕزگاری بوون. لە لایەکی تریشەوە شەڕی جیهانی هەموو هۆشی بەریتانیا تەنی بوو، بۆی نەدەکرا لە کێشەی شەڕەوە خۆی بە کێشەیەکی وا بچووکەوە خەریک بکات. ئەوەی لە ناوچەکەدا کەم بێ سەرکردەیەک بوو پێشکێشی جەماوەر بێ. دوای ئەوەی ئەم بابەتە لە گەڵ کۆمەڵێ هیوا و ژمارەیەک لە کەسانی نیشتمانیی کورد ئاڵۆگۆڕ کرا. بۆ ئەم مەبەستە بارزانی لە مانگی ئایاری **1943** بە یارمەتی ئەمدامانی کۆمەڵەی هیوا و کوردانی نیشتمانپەروەری سلێمانی بەجێهێڵێت و لەگەڵ دوو کەس بە ناوەکانی مستەفا عەبدوڵڵا ئاکرەیی و سلێمان سوور خۆی بگەیەنێتە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم بارەیەوە بارزانی بۆخۆی دەڵێت: (کاتێک کەمالئاوایم کردن لە شێخ ئەحمەد، داوام لێکرد کە هەندی ئامۆژگاری پێویستم بکا، فەرمووی: لەکاتی هەڵسوکەوتت لەگەڵ خەڵک، ئاگاداری حەق و ڕاستی بە. هەرگیز لەخۆبایی بوون نەچێتە دڵتەوە. هەتا دڵنیا نەبی لە سەرکەوتن و هەتا بۆت دەکرێ خۆت لە پیکەداران لەگەڵ حکوومەت بپارێزە و ئەگەر کەوتیە بەردەستیان دانوستاندنیان لەگەڵدا مەکە). بارزانی شاری سلێمانی بەجێهێشت و بە بەرگی مەلایەتییەوە چوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش هەفتەیەک گەیشتە ناوچەی مەهاباد.

* لە قەزای سۆران سەردانی هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام (لاوکۆ مامەند مەسیح)ی کرد کە لە بیرەوەرییەکانی دا باسی ئەوکاتانە دەکات کە بارزانیی نەمر بەجلوبەرگی مەلایەتی لەگەڵ **2**هەڤاڵی دەچنە ماڵیان: دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە **12/ 7/ 1943** لە سلێمانی لەگەڵ دوو هەڤاڵێ قارەمان مستەفا گژدۆ و سلێمان سۆرە کە هاتنە ناو خاکی ئێران و ئەو کات ماڵی باوکم مامەند مەسیح و هەڤاڵانی وەکو حەسەن ئەحمەد ناز و محەمەد محەمەدئەمین، میرزاڵاغا ڕەشۆ، محەمەد عیسا، ئەحمەدئاغا بۆکرانی، هەندێکی تری لە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر لە شنۆ و نەغەدە نێشتەجێ ببوون، ئێمەش لە بەڕێ ڕێژێمی دیکتاتۆری عێراق ئاوارەی ئێران بووین .هەر لە دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لەگەڵ هەڤاڵانی دیکەی بەناوەکانی سلێمان سۆر و مستەفا گژدۆ کە هەردووکیان ئاکرەیی بوون، لە سلێمانی گەڕانەوە، پاش چەندین ڕۆژ گەیشتنە ناوچەکانی مەهاباد و لەوێشدا هاتنە گوندی ئاخ زێوەی نزیک نەغەدە بە هۆی ناعەدالەتی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق ئاوارەی ئێران بوون و بۆ ماوەی چەند ساڵ بوو لەم شارانە نێشتەجێ ببووین و هەر لە یادمە کاتێک بارزانیی نەمر **3** هەڤاڵی دیکەی لە گەڵدا بوون و ئێمە کۆمەڵێک لاو و گەنج و منداڵ بووین کە لە سەر ڕووبەردابووین ، من ئەو کات بارزانیی نەمر و هەڤاڵانیم نەناسیەوە، دواتر بارزانیی نەمر لە ناو هەموو منداڵ و لاواندا بە منی فەرموو: کە تۆ کوڕی مامەند مەسیحی؟ منیش پێم گوت: بەڵێ، دواتر داوای لە من کرد لەگەڵیان بڕۆم و ماڵی خۆمانی پێ نیشان بدەم، کاتێک کە گەیشتمە بەردەرگای ماڵ دایکم نانی دروست دەکرد، بە دایکم گوت کە پیاوێکی ئایینی لەگەڵ **3** پیاو هاتووەتە ماڵێ و داوا دەکات کە باوکم ببینێ، بەڵام دایکیشم بارزانیی نەمری نەناسی، بەڵام بە عادەتی کوردەواری زۆر بە خێر هاتنی ئەوانی کرد و دواتر ئەوانیان بردە دیوخانی بچوکی ماڵ و نانی لە پێش دانان و من خزمەتی ئەوانم کرد، تا دواتر باوکم هاتە لای ئەوان، کە بە باوکم گوت: من مەلایەکم لەلایەکی تروە ئەگەر تەماشای ڕۆژانی دوای شانزەی ئۆکتۆبەر بکەین کاتێک فڕۆکەخانەکانی هەرێم ڕاگیران و پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان پچڕان، ئەوا دەبینین کە چۆن ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) کۆتایی بەقەیرانە مەترسیدارەکان بهێنێت لەکاتێکدا کە نەیارانی ناوخۆ بەهاوکاری هێزە هەرێمییەکان پیلانەکانیان دژی هەرێم زۆر توندکردبوو، بەڵام هەنگاوە دیپلۆماسییەکانی ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) توانی کۆتایی بەشەوەزەنگی نەهامەتی بهێنێت.


ئومێدێکی نوێ و بەرەبەیانییەکی پڕ لەهیوا

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار (مەسرور بارزانی) ئەندازیاری پاراستنی ئاشتی و ئارامی ،ئەو سەرکردەی ئەفسانەی تیرۆری تێکشاند، ئەو سەرکردەیەی کەتوانی ئاسایش و ئارامی هەرێم لەقەیران و گرفتەکاندا بپارێزێت، لەکاتێکدا بەدرێژایی دە ساڵی ڕابردوو هەرێمی کوردستان لەناو دەریایەکی پڕ لەکێشمەکێشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدابوو، بەڵام کەسایەتی و کاریزمایی ڕێزدار (مەسرور بارزانی) توانی کۆتایی بەم قۆناغە هەستیارە بهێنێت و سەرکەوتنێکی بێوێنە لە ڕابردووا سەلماندوویەتی کە توانای بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەی هەیە چونکە کەسێکی خاوەن ئەزموونە و سەرکەوتوو بووە، توانی کوردستان لەقۆناغە سەختەکاندا بپارێزێت، تەنانەت (نێچیرڤان بارزانی) توانی دوای سالانێکی زۆر لەقۆناغی دوو ئیدارەیی یەکەم حکوومەتی یەکگرتووی نیشتمانی لەسالی **2006** دامەزرێنێت، زۆرحەکیمانە توانی ئەم قۆناغە سەختە بپەڕێت ، توانی هەنگاوەکانی بنیادنانی حکوومەتی یەکگرتووی هەرێم بنیات بنێت، لەم ماوەیەدا زۆرترین پرۆژەی خزمەتگوزاری گەیەندرایە سەرجەم ناوچەکان و دەکرێت بڵێن هەرێمی کوردستان شۆرشێکی دیپلۆماسی لەسەر دەستی ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) ئەنجامدا لەماوەیەکی دیاریکراودا زۆربەی وڵاتانی جیهان کونسوڵخانەیان لەهەولێر کردەوە.

نێچیرڤان بارزانی دیپلۆماتکارێکی بێوێنە

بەبڕوای سەرجەم چاودێرانی سیاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی) هەنگاوەکانی بەدیپلۆماسی ناسراون، هێز وتوانا و کارامەیی گۆڵانی پێشکەوتوخواز دەست پێبکات وەرچەرخانێکی مێژوویی تۆمار بکات، بەهەمان شێوە توانی لەساڵی 1988دا بەڕەی کوردستانی دابمەزرێنێت و ڕوحی برایەتی و پێکەوەژیان زیندوو بکاتەوە، لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو توانی یەکەم چەخماخەی ڕاپەرین لەئازاری 1991 لێبدات ، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی 2003دا (سەرۆک بارزانی) لەپێناوی بەرگریکردن لەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، بەجلوبەرگی کوردییەوە لەناو باڵەخانەی ئەنجوومەنی حوکم بەتەنیا بەرامبەر بەسەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەن ڕاوەستا و بەدەنگی بەرز وڕەڵامی سەرجەم نەیارانی کوردی دایەوە، بەم هەنگاوەی تەواوی جیهانی توشی شۆک کرد، بەپێداگری و چۆکدانەدان، سەرۆک (مەسعود بارزانی)توانی بۆ یەکەمجار فیدرالی بۆهەرێمی کوردستان لەدەستووری عێراقدا بچەسپێنێت، هەمیشە سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک چۆکی بەسەرجەم پیلانگێڕان داداوە.

لەلایەکی تروە (سەرۆک بارزانی) توانی بەراگەیاندنی ڕیفراندۆم ئومێدێکی نوێ لەبزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بخولێقێنێت، کەهەتا هەتایە وەک مێژوویەک لەتێکۆشان و بەرخۆدان یاد دەکرێتەوە، لەئێستادا سەرۆکی هێژا ڕێزدار سەرۆک (مەسعود بارزانی) وەک مەرجەعێکی نەتەوەیی هەموو هەوڵێکی سەرخستنی پرۆسەی دەوڵەتداری و حوکمرانییە لەکوردستان.



سامیە شێرزانی

کاتێک ئێمە باس لەئایندەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای دروستکردنی کابینەی نۆیەم دەکەین ، پێویستە سەرەتا مانێک لەبەرخۆدانی سەدەیەک کورد‌ایەتی و تێکۆشان بکەین، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هەرێمی کوردستان تاکە قەوارەی سەربەخۆیە بۆ سەرجەم پارچەکانی کوردستان، لەبەر ئەوە بۆ ئێمە و کوردستانیانی سەرجەم پارچەکان زۆر گرنگە هەموو هەوڵێکمان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسە نوێیەی ئێستای هەرێم بێت، لەلایەکی ترەوە لەدایکبوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لەم قۆناغە هەستیار و پڕلەگۆڕانکارییەدا زۆر تایبەتمەندیی جیاواز هەڵدەگرێت، زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیان وایە قۆناغەکە کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتمەندی دەبێت کەکاردانەوەی لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەجێدەهێڵێت.

سەرۆک و مەرجەعی نەتەوەییەن

خەسڵەتێکی گرنگی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بوونی سەرۆکێکی بەئەزموون و بەتوانایە کە وەک مەرجەعێکی نەتەوەیی دەدەرەوشێتەوە، سەرۆکی هێژا ڕێزدار سەرۆک (مەسعود بازرانی) وەک مەرجەعێکی نەتەوەیی و کاریزمایەکی نیشتمانی هەنگاوەکانی بۆ بەهێزبوونی یەکپارچەیی خاکی کوردستان و بردوودان بەبرایەتی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان پارێزەری یەکریزی ماڵی نەتەوەیی کورد ،هەنگاوە حەکیمانەکانی جەنابی سەرۆک (مەسعود بازرانی) هەمیشە پڕن لەمیهرەبانی و لەخۆبووردوویی و گۆڕانکاری گەورە دروست دەکەن. کەسایەتی و کاریزمایی سەرۆک بەجۆرێکە هەمیشە دەتوانێت کاری زۆر ئاستەم و ئەفسانەیی ئەنجام بدات، لەکاتێکدا لەدوای نسکۆی 1975 شۆرشی ئەیلوول و شۆڕشەکانی پێشتر بووە کە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و ئەمڕۆش جەنابی سەرۆک بارزانی کۆڕی بارزانییەی نەمر ڕابەری ڕۆحی کورد بۆ دڕێژە پێدانی ڕێبازی باوکی خەبات بۆکوردایەتی دەکات بۆیە دەبێ لەو یادەدا دەبێ هەموو ئەو دەسکەوتانە پارێزراوبێت.لەو یادە شکۆدارە، سڵاو بۆ گیانی هەموو شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر وکاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

حکوومەتێکی بەهێز لەقۆناغێکی هەستیار

فەرمووی: مامەند تۆ من ناناسی؟ باوکم پێی گوت: ئەم دەنگە بۆ من زۆر ئاشنایە و من ئەوم دیوە، لە لای خوای گەورە زۆر ئاسانە ئەو بێت، وەکو تریش دووڕە .. دواتر بارزانیی نەمر پێی فەرمووە: چۆن؟ ،باوکم پێی گوت: زۆر دووڕە ئەوەی کە من بیری لێدەکەمەوە، چونکە بارزانی چەندین ساڵە لە بەر ئەوەی داوای مافی نەتەوەی کوردی دەکرد نەفی کراوە و لە دەڤەری سلێمانییە، لە لای خواش لەوانەیە ئەو بێت. ئەو کات بارزانیی نەمر پێی فەرمووە: خوای گەورە ئەو کەرەمەی لەگەڵ جەنابتان کردووە و من ئەوم کە تۆ دەیڵێی، پاشان باوکم کە زانی ئەوە بەڕاستی بارزانیی نەمرە خۆی دایە عەرد و دەستی بە گریان کرد و منیش چوومە دەرەوە و بە دایکم گوت دایە ئەوانە یەکتریان ناسی، دواتر لەو کاتەدا ئەو سەرکردە و قارەمانەی کە هەموو کات باوکم باسی دەکرد من ناسیم. من لەو کاتدا هەر لەگەڵ بارزانیی نەمردابووم لە هەمان تەمەنی لاویەتیدا بوومە پێشمەرگەی بارزانیی نەمر بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان، دواتر باوکم بە بارزانیی نەمری گوت: کە چیتان دەوێت لە من، بارزانیی نەمر پێی فەرمووی: ئێمە دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق و کێ لێرەیە؟ باوکم پێ گوت کە میرزاڵاغا ڕەشۆ، حەسەن ئەحمەد ناز، حەمەدئەین، ئەحمەد ئاغا بۆکرانی، محەمەد عیسا، سالح بوریە، و عەولا بوریە کە کۆمەڵێک مرۆڤی باشن کە دواتر هەموویان ئامادەیی خۆیان پێشان دا لە هەمو ڕوویەک لەگەڵیدابن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕەوای کورد و کوردستان، تاکو هەموویان لەگەڵ بارزانیی نەمر هاتنەوە کات باوکم نەیدەتوانی کوردی کوردستانی عێراقی لە لای خۆی ڕابگرێت، چونکە دوژمنی هەبوو. بارزانیی نەمر کە زانی باوکم نەیناسیوە، بە دەنگێکی بەرز بانگی باوکم دەکات پێی کە باوکم ئەوە ئەو بێت. ئەو کات بارزانیی نەمر پێی گوت: ئەم دەنگە بۆ من زۆر ئاشنایە و من ئەوم دیوە، لە لای خوای گەورە زۆر ئاسانە ئەو بێت، وەکو تریش دووڕە .. دواتر بارزانیی نەمر پێی فەرمووە: چۆن؟ ،باوکم پێی گوت: زۆر دووڕە ئەوەی کە من بیری لێدەکەمەوە، چونکە بارزانی چەندین ساڵە لە بەر ئەوەی داوای مافی نەتەوەی کوردی دەکرد نەفی کراوە و لە دەڤەری سلێمانییە، لە لای خواش لەوانەیە ئەو بێت. ئەو کات بارزانیی نەمر پێی فەرمووە: خوای گەورە ئەو کەرەمەی لەگەڵ جەنابتان کردووە و من ئەوم کە تۆ دەیڵێی، پاشان باوکم کە زانی ئەوە بەڕاستی بارزانیی نەمرە خۆی دایە عەرد و دەستی بە گریان کرد و منیش چوومە دەرەوە و بە دایکم گوت دایە ئەوانە یەکتریان ناسی، دواتر لەو کاتەدا ئەو سەرکردە و قارەمانەی کە هەموو کات باوکم باسی دەکرد من ناسیم. من لەو کاتدا هەر لەگەڵ بارزانیی نەمردابووم لە هەمان تەمەنی لاویەتیدا بوومە پێشمەرگەی بارزانیی نەمر بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان، دواتر باوکم بە بارزانیی نەمری گوت: کە چیتان دەوێت لە من، بارزانیی نەمر پێی فەرمووی: ئێمە دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق و کێ لێرەیە؟ باوکم پێ گوت کە میرزاڵاغا ڕەشۆ، حەسەن ئەحمەد ناز، حەمەدئەین، ئەحمەد ئاغا بۆکرانی، محەمەد عیسا، سالح بوریە، و عەولا بوریە کە کۆمەڵێک مرۆڤی باشن کە دواتر هەموویان ئامادەیی خۆیان پێشان دا لە هەمو ڕوویەک لەگەڵیدابن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕەوای کورد و کوردستان، تاکو هەموویان لەگەڵ بارزانیی نەمر هاتنەوە دەڤەری بارزان. بارزانیی نەمر دەڤەری بارزانی کردە شوێنی دامەزراندنی بزاڤی شۆڕشێکی کوردپەروەرانە کە دژی داگیرکەران بوو ،خەڵکی دەڤەری بارزان بە هەموو گوند و ناوچەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕی و شەڕی گیانفیدایییان کرد بۆ کوردایەتی و پاشان بارزانیی نەمر پەیوەندی بە هەموو سەرۆک هۆزەکانی کورد و کەسایەتییە دڵسۆزەکان کرد، هەر لە دهۆک و زاخۆوە بگرە تا ئاکرێ و شەقڵاوە و پشدەر و ناوچەکانی تری کوردستان بەڵێنیان بە بارزانیی نەمر دا پاڵپشتی لە مافەکانی گەلەکەیان بکەن.

ئەمڕۆ لەکاتێک یادی **76**مین ساڵوەگەڕی سەربەرزانەی گەڕانەوە بارزانیی نەمر بۆ دەڤەری بارزان و دەستپێکی شۆڕشی دووەمی بارزان (**1945-1943**) کە باوکی کورد هەمیشە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان خەباتی کردووە لە شۆڕشە یەک بە دوای یەکەکان ڕۆڵی هەبووە،دوای کۆچی ڕابەری کورد بارزانیی نەمر دیسان شۆڕش بەردەوام بوو و سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کرد کە درێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و شۆڕشەکانی پێشتر بووە کە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و ئەمڕۆش جەنابی سەرۆک بارزانی کۆڕی بارزانییەی نەمر ڕابەری ڕۆحی کورد بۆ درێژە پێدانی ڕێبازی باوکی خەبات بۆکوردایەتی دەکات بۆیە دەبێ لەو یادەدا دەبێ هەموو ئەو دەسکەوتانە پارێزراوبێت.لەو یادە شکۆدارە، سڵاو بۆ گیانی هەموو شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر وکاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

سەرۆک و مەرجەعی نەتەوەییەن

خەسڵەتێکی گرنگی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بوونی سەرۆکێکی بەئەزموون و بەتوانایە کە وەک مەرجەعێکی نەتەوەیی دەدەرەوشێتەوە، سەرۆکی هێژا ڕێزدار سەرۆک (مەسعود بازرانی) وەک مەرجەعێکی نەتەوەیی و کاریزمایەکی نیشتمانی هەنگاوەکانی بۆ بەهێزبوونی یەکپارچەیی خاکی کوردستان و بردوودان بەبرایەتی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان پارێزەری یەکریزی ماڵی نەتەوەیی کورد ،هەنگاوە حەکیمانەکانی جەنابی سەرۆک (مەسعود بازرانی) هەمیشە پڕن لەمیهرەبانی و لەخۆبووردوویی و گۆڕانکاری گەورە دروست دەکەن. کەسایەتی و کاریزمایی سەرۆک بەجۆرێکە هەمیشە دەتوانێت کاری زۆر ئاستەم و ئەفسانەیی ئەنجام بدات، لەکاتێکدا لەدوای نسکۆی 1975 شۆرشی ئەیلوول و شۆڕشەکانی پێشتر بووە کە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و ئەمڕۆش جەنابی سەرۆک بارزانی کۆڕی بارزانییەی نەمر ڕابەری ڕۆحی کورد بۆ دڕێژە پێدانی ڕێبازی باوکی خەبات بۆکوردایەتی دەکات بۆیە دەبێ لەو یادەدا دەبێ هەموو ئەو دەسکەوتانە پارێزراوبێت.لەو یادە شکۆدارە، سڵاو بۆ گیانی هەموو شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر وکاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

سامیە شێرزانی

کاتێک ئێمە باس لەئایندەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای دروستکردنی کابینەی نۆیەم دەکەین ، پێویستە سەرەتا مانێک لەبەرخۆدانی سەدەیەک کورد‌ایەتی و تێکۆشان بکەین، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هەرێمی کوردستان تاکە قەوارەی سەربەخۆیە بۆ سەرجەم پارچەکانی کوردستان، لەبەر ئەوە بۆ ئێمە و کوردستانیانی سەرجەم پارچەکان زۆر گرنگە هەموو هەوڵێکمان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسە نوێیەی ئێستای هەرێم بێت، لەلایەکی ترەوە لەدایکبوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لەم قۆناغە هەستیار و پڕلەگۆڕانکارییەدا زۆر تایبەتمەندیی جیاواز هەڵدەگرێت، زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیان وایە قۆناغەکە کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتمەندی دەبێت کەکاردانەوەی لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەجێدەهێڵێت.

پارتی نموونەیەک لە پێکەوەژیان

ئەوەی گرنگە تیشکی بخەینە سەر لەدوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین قوربانی بۆ بنیاتنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەک دەبینین کەپارتی خاوەنی چلوپێنج کورسی بوو تەنیا هەشت وەزیری هەیە بەڵام لایەن هەیە نیوەی کورسییەکانی پارتی نەهێناوە بەڵام خاوەنی حەوت وەزیرە، دەستبەرداربوونی بەشێکی زۆری پۆستەکان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەوەی سەماند پارتی تەنیا خەمی یەکریزی نیشتمانی هەیە و لەم پێناوەشدا هەموو قوربانییەک دەدات، چونکە پارتی لەسەر دەستی مرۆڤێکی هێندە مەزن دامەزراوە تەنیا لەپێناوی دۆزی ڕەوای میللەتەکەیدا جەنگاوە، ئەمەش ئەو نەریتە شۆڕشگێڕییە کە لە قوتابخانەی کوردایەتییەوە فێری بووین.

دەرەنجام

ـ کەسایەتی کاریزمای سەرۆکی هێژا ڕێزدار (سەرۆک مەسعود بارزانی) وەک مەرجەعێکی حیکمەت و سەرکردایەتی ڕێزدار (مەسرور بارزانی) متمانەیەکی وەهای دروستکردووە کە لەنزیکترین کاتدا وەرچەرخانی مێژوویی ڕووەدات کە هەموو میللەت شانازیی بەهەنگاوەکانییەوە بکات، دڵنیام لەماوەیەکی نزیکدا ئەنجامە سەرکەوتووەکانی کابینەی نۆێ دەردەکەوێت.

کاتێکی هەستیار و خەونێکی بەهێز

ئەوەی گرنگە لەئێستا ڕێزدار (مەسرور بارزانی) سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کەلەکاتێکی زۆر هەستیاردا ئەرکێکی زۆر قورسی کەوتۆتە سەرشان، ڕێزدار (مەسرور بارزانی) لەکاتێکدا کابینەی حکوومەتی پێکهێنا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی زۆر گرفتی قورس بووە، هەر لەناکۆکی نێوان ئێران و ئەمریکا تادەگاتە هەوڵەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەشارە سونە نشینەکان، لەلایەکی ترەوە بەهێزبوونی ململانێکانی نێوان بەمریکا و ڕووسیا ، گۆزانکارییە بەردەوامەکانی وڵاتانی عەرەبی وایکردووە کە ئەم قۆناغەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی زۆر هەستیار بێت ، لێرەدا سەرجەم چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کەسایەتی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار (مەسرور بارزانی) هێندە کاریزمایەکی بەهێزە کە دەتوانێت ئەم قۆناغە هەستیارە ببڕێت ، چونکە لەچەسپاندنی ئارامیدا تۆمار بکات، بەزیرەکی و حیکمەتی ڕێزدار (مەسرور بارزانی) کوردستان لەجیهاندا ناونرا بەهێمنی و ئاشتی، ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەم هێمنی و ئاشتییە بەسەر هەرێمی کوردستان زاڵە بەهۆی ئەو ڕێبازەیە کە ڕێزدار هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەو قۆناغە هەستیارە دەربچێت، ئەوا پێویستە هەموو هێزەکان و لایەنەکان پشتگیری ڕێزدار بکەن و هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئەرکە قورسەی کە لەسەر شانی هەڵیگرتووە بەسەرکەوتوویی بەڕێوەی ببات، ئەوەی کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی ئەوەیە ک

47 ەمین ساڵیادی هەوڵی تیرۆر کردنی مەلامستەفا بارزانی

مستەفا بارزانی بە شکۆمەندی مایەوە و رێبازەکەشی بەردەوامە


کاروان محەمەد سینۆ

دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان زۆرباش دەیانزانی کە کاریزما و کەسایەتی خودی مەلامستەفا بارزانی و رێبازەکەی نەهێنی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی و یەکگرتنی کورد و ئەگەری بەردەوام بوونی شۆڕش و بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستانە. بۆیە هەردەم دوژمن و داگیرکەران لە پیلان و بۆسەدابوون بۆ بەکۆتا هێنانی ژیانی خودی مەلامستەفا بارزانی، بۆ ئەم مەبەستە، بێجگە لەوەی چەندین جار فەرمانی لە سێدارەدانی مستەفا بارزانی لە عێراق و ئیران و تورکیا دەرچووە، بەڵام چالاکی و چەلەنگی و خۆبەدەستەوەنەدان و خەباتی بەردەوامی مەلامستەفا لە ناخۆشترین و نالەبارترین بارودۆخدا، هۆکاری ئەوەبوون کە هەرگیز دەستی دوژمن نەگات بە گیانی بارزانی. هەروەها دوژمن و داگیرکەران چەندین جار راستەوخۆ و نا راستەوخۆ هەوڵی تیرۆرکردنی جەنابی مەلامستەفا بارزانییان داوە، بەناردنی خۆکوژ و بۆمبی چێندراو و ژەهر و دەرمان و ئۆتومبێلی مین رێژکراو و چەندین رێکاری دیکەی تیرۆر...، بەڵام هەردەم (قودرەتی ئیلاهی) لەپاراستنی گیانی بارزانی و وریایی و دوورناسی بارزانی و چالاکی دەزگای پاراستنی شۆڕش و دڵسۆزیی خەڵکی کوردستان بۆ خودی کەسایەتیی بارزانی، هەموو ئەمانە هۆکاری ئەوەبوون کە پیلانەکانی دوژمن و داگیرگەران سەرنەگرن و پووچەڵ ببنەوە و مەلامستەفا بارزانی تاکو دواساتەکانی ژیانی وەکو چیا و زنارەکانی کوردستان، بەرز و بەهێز و بڵند مایەوە.

یەکێک لەو هەوڵانەی کە ئامانجی کۆتایی هێنان بە ژیانی مەلامستەفا بارزانی بوو و ئەمڕۆ باسی لێوە دەکەین، بریتییە لە هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی لە **15**ی تەموزی **1972** لە رێگای جانتایەکی پڕ لە (تی ئێن تی) و تەقەمەنی.

لە بەغدا پیلانەکە داڕێژرا

سەرکردە و پیلانگێڕ و شۆڤینییەکانی بەغدا (رژێمی بەعس)، بەردەوام لە گەراندابوون بۆ دۆزینەوەی هەلێک کە بتوانن دەستیان بگات بە ژیانی مەلامستەفا بارزانی، لەم رووەوە لە مانگی ئابی **1971**دەزگای هەواڵگری بەغدا، کەسێکیان دەست کەوت بەناوی (ئیبراهیم گاباری) کە قوتابی بوو لە زانکۆی موستەنسریە بەشی زانستەکانی سیاسەت لە بەغدا، ئەم کەسە کوردێکی خەڵکی سوریا بوو و وەکو پەناهەندە هاتبووە عێراق و لە زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا دەیخوێند. لێردا دەزگای هەواڵگری بەغدا و بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی عێراق کە بەرێوەبەرە گشتییەکەی لیوا (نازم گزار) بوو، تێبینی ئەوەیان کرد؟! کە (ئیبراهیم گاباری) وەکو کوردێک، زۆر هامشۆی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە بەغدا، هەروەها ناوبراو زوو زووش ئاسایی و بێ کێشە بە گەشت و سەیران لە بەغداوە هاتوچۆی کوردستان دەکات. بۆیە هەواڵگری بەغدا و (نازم گزار) بیریان لەوە کردەوە کە چۆن بتوانن سوود لە (ئیبراهیم گاباری) وەرگرن لە بەکارهێنانی بۆ تیرۆر کردنی رابەری کورد مەلامستەفا بارزانی. بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی ئابی **1971** ئەفسەرێکی ئاسایشی عێراقی بەناوی (باسل حەمدی ئەل ئەلعەرجی) کە سەرۆکی لیژنەی پەناهەندە عەرەبەکان بوو لە بەغدا و لە هەمانکاتیشدا سەرۆکی کردەتایبەتییەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی عێراق بوو و لە دەزگای هەواڵگری عێراقیشدا راستەوخۆ پەیوەست بوو بە خودی (نازم گزار)ەوە. (ئەعرەجی) پەیوەندی کرد بە (ئیبراهیم گاباری) لەپێناوی رازی کردنی و رێکخستنی لە نێو ریزی دەستەی کردە تایبەتییەکانی ئاسایشی عێراق و دواتر بەکارهێنان و راهێنانی بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆر کردنی مەلامستەفا بارزانی.

لەئەنجامدا (ئیبراهیم) رەزامەندی خۆی دەربڕی بچێتە نێو ریزەکانی دەستەی کردە تایبەتییەکانی ئاسایشی عێراق و رەزامەندی خۆی دەربڕی بۆ ئەنجامدانی هەر کار و کردەوەیەک کە ئەوان پێی بسپێرن. بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان (باسل حەمدی ئەل ئەعرەجی و ئیبراهیم گاباری) وەرزیری ئاوخۆی ئەوسای عێراق (سەعدون غەیدان) بەهێز و بەهێزتر بوو و لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە دۆستێکی نزیک و متمانەپێکراو بۆ ئەوەی هەواڵگری بەغدا و (نازم گزار)یش بتوانن لە ئیبراهیم گاباری وەرگرن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پێیان دەسپێرێت.


ئەو جانتا بۆمبێژکراوەی (ئیبراهیم گاباری) هێنایە دیلمان بۆ تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی 1972/7/15
لەئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ

پیلانەکە هەڵگەڕایەوە

پیلانی تیرۆر کردنی جەنابی مەلامستەفا بارزانی بەم شێوەیی بوو..

دەبوایە (ئیبراهیم) لە بەغداوە سەفەری کوردستان بکات و لە گەڵ خۆیدا جانتایەکی مینرێژکراو بۆمبەکە کاتێژ بکات و لە نێو بارەگای بارزانی دابنێت، لەو شوێنەی کە بارزانی پێشوازی لە میوانەکانی دەکات.

تیرۆرستانی بەغدا (سەعدون غەیدان وەزیری ناوخۆی ئەوسای عێراق و نازم گزار و باسل حەمدی ئەل ئەعرەجی) هەڵبەت بە چاودێری خودی سەدام حوسێن، چونکە ئەوکات هیچ گەورە و بچووکێک بەبێ ئاگاداری سەدام حوسێن لە عێراقدا رایی نەدەبوو، ئەم تیرۆرستانە دوا رێکاری پیلانی تیرۆرکردنی جەنابی مەلامستەفا بارزانییان دارشت و کەسێکیان ئامادە کرد بۆ ئەنجامدانی ئەو پیلانە، ئینجا پیلانەکە خرایە بواری جێبەجێ کردن.

بەرلە ئەنجامدانی پیلانەکە و وەکو رێخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی پیلانەکە، سەرەتا (نازم گزار) داوای لە (ئیبراهیم) کرد کە لە رۆژی **1**ی**6**ی **1972** سەفەری کوردستان بکات و لەوێ دیراسەی چۆنیەتی ئەنجامدانی پیلانەکە بکات لە هەموو رووێکەوە و بە هەموو وردەکارییێکەوە، ئینجا بگەڕێتەوە، ئەوسا بڕیاری ئەنجامدانی پیلانەکە جێبەجێ بکرێ.

سەرۆک مسعود بارزانی ئاگادار کرایەوە

لە یەکەم رۆژی مانگی حوزەیران **1972** دەزگای پاراستنی شۆڕش، سەرۆک مسعود بارزانییان ئاگادار کردەوە، کە کەسێک بەناوی (ئیبراهیم گاباری) هاتۆتە چۆمان و داوادەکات کە تەنها خودی مسعود بارزانی ببینێت، چونکە بۆ کارێکی زۆر گرنگ هاتووە، ئینجا سەرۆک مسعود بارزانی چاوی پێدەکەوێت. لەم چاوپێکەوتنەدا (ئیبراهیم) تەواوی پیلانی تیرۆرکردنی مەلامستەفا بارزانی بە هەموو وردەکارییەکانیەوە بۆ جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی شلۆقەدەکات. کە ئەو (ئیبراهیم) لە لایەن (نازم گزار)ەوە راسپێردراوە بچێتە نوسینگەی مسعود بارزانی و ئیدریس بەرووی تیرۆرستاندا هەڵگەڕایەوە.

پاش ئەوەی (ئیبراهیم) پیلانەکەی بۆ جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی شلۆقە کرد، سەرۆک بارزانی زۆر بە وردی لەم پیلانە کۆڵییەوە و لەگەڵ (ئیبراهیم) کەوتە پرسیار و وەڵام و چۆنیەتی وەسف کردن و چاوپێکەوتنی لەگەڵ (نازم گزار) تا ئەو کاتە سەرۆک مسعود بارزانی دڵنیابوو کەپیلانەکە وجوودی هەیە و گوتەکانی (ئیبراهیم) راستە و گەنجێکی راستگۆ و نیشتمان پەروەرە. بۆیە جەنابی مسعود بارزانی دەستخۆشی لە (ئیبراهیم) کرد بەرامبەر ئەم دڵسۆزی و نیشتمان پەروەرییە و داوای لێکرد کە بە ئاگاداری ئەو (مسعود بارزانی) بەردەوام بێ لە جێبەجێ کردنی سیناریۆی پیلانەکە و هەروەها لە یەکەی هەنگاوەکانی داهاتووی سیناریۆکە ئاگاداری بکاتەوە.

شایانی باسە نیازی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە بەردەوامیدانی پیلانەکە بۆ ئەوە بوو کە دەزگای پاراستنی شۆڕش تەواوی سیناریۆ و زنجیری ئەوکەسانەی تێوەگلاون لەم پیلانە هەر لە سەرەتاوە تاکو گەیشتنی (ئیبراهیم) بە جانتای (تی ئێن تی)یەوە بۆ بەغدا. ئینجا پاش هەفتەیەک (ئیبراهیم) گەڕایەوە کوردستان (ناوپردان) و چووە لای سەرۆک مسعود بارزانی و پێی ڕاگەیاند، کە (نازم گزار) داوای لێکردووە وێنەیەک بگرێ لە گەڵ مەلامستەفا بارزانی یاخود ئیدریس بارزانی یاخود مسعود بارزانی.هەڵبەت جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی دەیزانی کە نیازی (نازم گزار) لەم وێنەیە بۆ پشتڕاست بوونەوەیە لە گوتە و پەیوندییەکانی (ئیبراهیم) و هەروەها ئاخۆ (ئیبراهیم) تا چ ئاستێک پەیوندی و توانای ئەوەی هەیە بگات بە خودی مەلامستەفا بارزانی و کاک ئیدریس و کاک مسعود و دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. بۆیە سەرۆک مسعود بارزانی ئاسانکاری بۆ ئەم داواکارییە (ئیبراهیم) کرد و وێنەیەکی (ئیبراهیم) لەگەڵ جەنابی مەلامستەفا و یەکێکی دیکەی لەگەڵ کاک ئیدریس و یەکێکیش لەگەڵ خۆی (مسعود بارزانی) بۆ (ئیبراهیم) فەراهەم کرد.

هەواڵگری عێراق دڵنیابوون

پاش گرتنی وێنەکان..ئینجا (ئیبراهیم گاباری) گەڕایەوە بەغدا و لە ڕێگای نەقیب (باسم ئەلحەدیسی) کە ئەفسەرێکی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بەغدابوو و ئەڵقەی پەیوەندیی بوو، (ئیبراهیم) چووە لای (باسل حەمدی ئەلئەعرەجی) و وردەکاری گەشتەکەی بۆ کوردستان گێڕایەوە کە چۆن چاوی کەوتووە بە مەلامستەفا بارزانی و ئیدریس و مسعود بارزانی و چۆن وێنەی لەگەڵ ئەواندا گرتووە و (وێنەکانی خستەڕوو) و چۆن توانیویەتی پەیوندی زۆرباش لەگەڵیان دروست بکات و لە نێو دەزگا و نوسینگەکانی پارتیدا متمانەی پەیداکردووە و هەرگیز شکی لێ ناکرێ و رێگەی لێ ناگیرێ بۆ هەر شوێن و نوسینگەیەک بڕوات لە نێو سەرکردایەتی پارتی و بارەگای بارزانیدا ئازاد دەسوڕێتەوە. بۆیە (ئەعرەجی) دەیزانی ئەو کەسە کێیە کە بە کردەکە هەڵدەستێت، ئینجا پاش ئەوەی دەزگای هەواڵگری عێراق دڵنیابوون لەوەی کە تیرۆر کردنی مەلامستەفا بارزانی پێشکەشی گشتی و سوپاسی (ئیبراهیم)کرد بەرامبەر ئەم کردە و هەڵوێستەی لە هاوکاری کردنی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بۆ کوشتنی مەلامستەفا بارزانی و هیوای بۆ (ئیبراهیم) خواست کە لە کردەکەیبدا سەرکەوێت.

جانتای تیرۆرکردنی بارزانی رادەستکرا

ئینجا لە بەرەبەیانی **15**ی تەموزی **1972**، (باسل ئەل ئەعرەجی) جانتای بۆمبێژکراو بە (تی ئێن تی و تەقەمەنی) رادەستی (ئیبراهیم گاباری) دەکات و فەرمانی پێدەکات کە بەرەو کوردستان بچێت بۆ جێبەجێکردنی پیلانی تیرۆر کردنی مستەفا بارزانی، (پێشتر ئیبراهیم مەشق و ڕاهێنانی کردبوو لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنان و ئامادەکردنی جانتاکە بۆ تەقاندنەوە)، هەروەها (باسل ئەعرەجی) لەرێگای دەزگای هەواڵگری بەغدا هەموو پێداویستی و پاراستن و گەیاندنی (ئیبراهیم)ی فەراهەم کردبوو کە چۆن بگاتە ناوچەی ژێر دەسەلاتی شۆڕش و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە هەمان رۆژدا واتا لە **15**ی تەموزی **1972**(ئیبراهیم) بە خۆی و جانتای بۆمبێژکراو دەگاتە خاڵی پشکنینی (بەرزێوە)، ئینجا لەوێوە بەرەو قەزای (چۆمان) و ئینجا بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێ چاوی کەوت بە سەرۆک مسعود بارزانی و پێی ڕاگەیاند کە جانتا بۆمبێژەکەی لەگەڵ خۆی هێناوە. لەوێ جەنابی سەرۆک بارزانی فەرمان دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بۆمبە و وێنەگرتن و بە دیکۆمێنت کردنی بۆمبەکە. ئینجا رۆژنامەی (ئەل ئەئاخی) ئاگادار کرایەوە کە هەواڵی ئاشکرابوون و پووچەڵ کردنی پیلانی تیرۆرکردنی مەلامستەفا بارزانی بەلاو بکاتەوە، کە ئەوکات رۆژنامەی (ئەلئەئاخی) رۆژنامەی پارتی بوو و لەبەغدا بە زمانی عەرەبی دەردەچوو. دەمودەست وەزارەتی ناوخۆی عێراق، تیرۆگلانی وەزیر و بەرێوەبەری گشتی ئاسایش و ئەفسەرەکانی دیکەی لەم هەوڵە تیرۆریستییە ڕەت کردەوە و لەسەر داوای (سەدام حوسێن) لیژنەیەکی لیکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ کارە تیرۆریستییە پێک هێنرا. سەرەڕای بەردەست بوونی هەموو بەڵگە و دانپێنانی (ئیبراهیم گاباری) و قەناعەتی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە بەرپرسیارەتی هەواڵگری عێراق لە کارە تیرۆریستییە، بەڵام حکوومەتی عێراق هیچ رێگارێکی یاسایی و سزای نەگرتە بەر تاوانبارانی ئەم کردە تیرۆریستییە و تەنانەت دانیشی پێنەنا تا ئەوکاتەی (نازم گزار) شکستی خوارد لە هەوڵی کوەتا بەسەر (ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن) و لەلایەن (سەدام)ەوە دەستگیرکرا، ئینجا ئەوکات حکوومەتی عێراق دانی نا بە بەرپرسیارەتی خودی (نازم گزار) لە هەموو هەوڵەکانی تیرۆرکردنی مەلامستەفا بارزانی.

خۆێنەری بەرێز ئەم چەند دێرە، کورتەیەکی هەوڵێکە لە هەوڵەزۆرەکانی تیرۆرکردنی جەنابی مەلامستەفای بارزانی لەلایەن رژێمی عێراقی بەعسی شۆڤینی و دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان. ئەمڕۆ لە یادی **47** ساڵەی ئەم کردە تیرۆریستییەدا، دەخوازین بە خەڵکی کوردستان ڕاگەیێنین کە ئەم دەسکەوتانە ئەمڕۆ بەدەست هاتوون، ئەنجامی تێکۆشان و شەونخوونی و خوێن و شەهیدبوونی پێشمەرگە و خەباتی جەنابی مەلامستەفا بارزانی و بنەماڵە سەربەرزەکەیانە. بۆیە پێویستە ئەمڕۆ هەموومان لە سایەی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانیدا، بەیەک دڵ و یەک دەست، هاوکاری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بین و هەروەها لە خزمەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بۆ خزمەتکردنی هەموو خەڵکی کوردستان.


لەڕاستەوە بۆ چەپ: سەعدون غەیدان، نازم گزار، عەبدول جەبار شەنشەل
لەئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ

وون بوون

ئارمی ئۆتۆمبێلی جۆری BMW مۆدیل ١٩٩٣ ژمارە(٤٣٨/ واسط) بەناوی (هێمن فقێ احمد) هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١٢٨٨٤٨٧)

* * *

دائرة كاتب عدل دهوك
العدد / الانذار المرقم ٣٧٦
التاريخ / ١٨ /٢/ ٢٠١٩
م / اعلان
المنذر (حسن نورالدين صالح) وكيله المحامي : جودت جلال محمد
المنذر اليه : ١- أية نذير سعدي اصالة عن نفسها و وصاية عن القاصرين (ايمن والاء و ولياء اولاد نذير سعدي بكر) ٢- خاني حجي درباس / العنوان : مجهول محل الاقامة
سبق لمورثكم المرحوم (نذير سعدي بكر) وكان مستاجرا للشقة المشيدة على العقار المرقم (٢٦٢٧/١) مقاطعة ١٣ مالطا اسلام ببدل ايجار شهر مقداره (٨٠٠$) ثمانمائة دولار امريكي حيث انكم ممتنعين عن تسديد بدلات الايجار للاشهر من (كانون الاول من العام ٢٠١٧) ولغاية شهر (شباط من العام ٢٠١٩) ولكونكما مجهولين محل الاقامة حسب اشعار المختار المتضمن عدم سكنك في المحلة الان وكتاب مركز شرطة خبات المرقم (١٢٥٠) في ٢٠١٩/٢/٢٦ والانذار المرقم (٣٧٦) المصدق لدى دائرة كاتب عدل دهوك في ٢٠١٩/٢/١٨ عليه تنذركما بواسطة الصحف المحلية بتسديد بدلات الايجار للاشهر المذكورة اعلاه خلال مدة اقصاها (٨) ثمانية ايام من تاريخ تبليغك بهذا الانذار وبخلاف ذلك سوف نضطر اسفين الى مراجعة المحاكم المختصة لمقاضاتك وتحميلك كافة المصاريف واتعاب المحاماة وقد اعذر من انذر
نيدار محمد محمد مهدي المفتي
المدير(كاتب عدل دهوك)

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی پێباز
بەشی زەوی وزار
ژمارە : ١٩٧
بەروار : ٨/ ٧/ ٢٠١٩
ئاگادارى
سەرۆکایەتی شارەوانی پێباز ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیان دەکاتەوە کەهەڵدەسێت بە بەکرێدانی بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (٢) کەرتی (٥) ی باوەنور و تۆمارە بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی پێبازەوە بەپێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) ی بدرێت بە مزایدە و مساتحە بۆماوەی (٣) ساڵ بە روبەری (٣٠) م٢ بەمەبەستی دروستکردنی (٢) دوو دوکان جار هەرکەس ولایەنێك ئارەزوی بەشداری کردنی مزایدەی هەیە لەدوای (٣٠) لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەدیوانی سەرۆکایەتی شارەوانی پێباز ئامادەبێت ...
تێبینی / ئەگەر رۆژەکە کەوتە پشووی فەرمی ئەوە یەکەم رۆژی دەوامی فەرمی دەبێتە رۆژی مزایدە .
ارازمحمد محمود
سەرۆکی شارەوانی پێباز
٢٠١٩ / ٧ / ٨

* * *

وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلی تەکنیکی سلێمانی
پەیمانگای تەکنیکی کەلار
هۆبەی : راگەیاندن
ژمارە : ١٧٢٧
ڕێکەوت : ٩ / ٧ / ٢٠١٩
بانگەواز
پەیمانگای تەکنیکی کەلار هەڵدەسێت بە فرۆشتنی کەل وپەل وئامێری کارەبایی بەکارهاتوو پەیمانگای تەکنیکی کەلار ئاگاداری گشت لایەك دەکات، کە زیادکردنێکی ئاشکرا هەیە (مزایدە علنیە) بۆفرۆشتنی کۆمەڵێك کەل و پەل و ئامێری کارەبای بەکارهاتوو هەرکەس ولایەنێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە، لەبوارەدا کاردەکات، باسەردانی (هۆبەی دارایی پەیمانگاکەمان) بکات بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری پێویست و دانانی بارمتە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە وکرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوکەس ولایەنەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.
١- لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە بەروارى ١٠ / ٧ / ٢٠١٩ سەردانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار بکات بۆمەبەستی بینینی کەل و پەلەکان تابەروارى ١٠ / ٨ / ٢٠١٩ لەکاتژمێر (٩ ، ٠٠) ی سەرلەبەیانی تا (١٢ ، ٠٠) ی نیوەڕۆ .
٢- هێنان ودانانی بارمتەی یاسایی بە بڕی (٢٠٪) لەسەدا بیست لە بڕی پارەی خەملێنراو بەچاپی عێراقی پێش دەستکردن بە زیاد کردنەکە.
٣- ناسنامەی باری شارستانی لەگەڵ خۆی بهێنێت یاخود هەر بەڵگەیەکی دیکەی فەرمی باوەڕ پێکراو لە رووی یاساییەوە،
٤- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوکەس ولایەنەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.
٥- زیاد کردنەکە دەکەوێتە شەممە ڕێکەوتی (١٠ / ٨ / ٢٠١٩) بەڵام رۆژی شەممەی پشوو ، رۆژی یەك شەممە بەرواری (١١ / ٨ / ٢٠١٩) کاتژمێر (٠٠ ، ١٠) ی سەر لە بەیانی زیاد کردنەکە ئەنجام دەدرێت، لە پەیانگای تەکنیکی کەلار _ فەرمانبەران- تەنیشت پارکی گشتی کەلار .
د. چیا محمد حسن
راگر بە وەکالەت

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ١٣٩٠
ریکەوت : ١٠/ ٧/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (مصطفى حسن محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٦١٤٢) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ١٣٧٤
ریکەوت : ٩/ ٧/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (احمد مجيد نادر) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٨٧٨٩) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٢٤/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ١٠/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (شیروان خلیل سیدو) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ قێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب ژێك جودابوون(التفریق)ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (مروى محمد خلو) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارییا هەلبژیر وەستەکا قەزا سێمێلێ کمبا دومیز یا پنابرێن سوری ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە ڕۆژا ژبەلافکرنا ڕۆژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢١/ ٢٠١٩/انابە
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا (کومپانیا مسعود صالح سعید/گورینی دراو - تاك) کو دکەڤیتە (دهوك/کاوە سەنتەر) وتومار کریە بناڤێ (مسعود صالح سعید) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (خالد حاجی سلیم) بکوژمێ (٥٢٧٨٠٦٠٠) پێنجی ودوو ملیون وحەفت سەد وهەشتێ هزار وشەش سەد دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣) سێ ڕۆژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕۆژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٧٨٠٠٠٠٠٠)حەفتێ وهەشت ملیون دینار دگەل ڕەگەزنامە عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
هاریڤان ایوب عبدالله
(جێ بەجێ کاری داد)

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٣/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (وردیە یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/ شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینجی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٣/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ببی حنا تومـا) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٦٧٠٠٠٠٠) پینجی وشەش مەلیون وحەفت سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٢/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (مرقوز یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینجی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (توما یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/ شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینجی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٢٨٤/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (سرە یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/ شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینجی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٢٨٤/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ببی یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/ شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینجی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٥/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ببی حنا تومـا) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینجی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (مرقوز یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینجی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ١١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (توما یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/ شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینجی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

* * *

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٧١٩/ب/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت: ٧/٧/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو / بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (ڕێبین عبدالرحمن سعید)
سەرەڕای کارەکەی
لەسەر داوای داواکار (تاڤگە طاهر صالح) لە داوای ژمارە (٧١٩/ب/٢٠١٩/٢) ئەم دادگایە لە بەرواری (٢٠١٩/٦/٣٠) بریاریدا لەسەرتان بە پابەندکردنتان بە گەرانەوەی بری پارەی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (٣٦,٠٦٠,٠٠٠) سی و شەش ملیۆن و شەست هەزار دیناری عێراقی کە لاتانە وەك قەرز وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بە پێی ئیشعاری مووختاری (پاریزگای هەولێر/گەرەکی سەربەستی و ڕویال تاوەر) لە (٢٠١٩/٧/٧) بڕیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنتان بە بریارەکە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بریارە و بریارەکە پاشملەیە و (معلقا علی الاستکتاب و النکول عن الیمین الحاسمة عند الاعتراض و الانکار قابلا للاعتراض الاستئناف و التمییز)ە و مافی تانەدانت هەیە لە بریارەکە لە ماوەی یاساییدا، بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا.
دادوەر/ سرکوت طه رسول

* * *

دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە: ٤٣١/جنح/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ هەردوو گەسێن دادگە هگری (جبار محسن حسام و عبدالله لۆید احمد) ییێن نەئیاس جهێ ئاگنجیبونێ هێن هەردوو ێت هاتینە دادگە هگرن ببی ئامادەبوون زینداگرنا سڤك بو ماوێ شەش هەیڤا (ستة اشهر) لدیڤ بەندێ (٢ ژ یاسایا ژمارە ٦ سالا ٢٠٠٨) (و بدلالة مواد الاشتراك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) یاسا سزایی و ژبەر نەنیاسا جهێ ئاکنجیبونا هەوە بریار هاتە دان هێن بهێنە ئاگەهدارگرن ب بریارا دادگەهێ بڕیگا دوو ڕۆژنامێت نافخویی هەوە ماڤێ هەیی نەرازیبوونا خو دەربرین لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن د یاساییدا بۆ دەمێ (٣) سێ مەها و بەروڤاژی ڤێ جەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە بەسەندکرن و دێ هێتە بجهئینان دەرهەقێ هەوەدا.
دادوەر/ بیان ادیب رشید

* * *

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:١٣١٦/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی:٧/٧/٢٠١٩
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (عبدی صالح عبدالقادر)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٣١٦/ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل (نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا دهوك) ل سەر مادەێ (٤٤٦) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان هن بهێنینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلافکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی، دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ٢٠١٩/٨/٢٦ بەرۆڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل

* * *

دادگای باری کەسینەی شەقلاوە
ژمارە: ١١٨/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ١١/٧/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو/ مسلح عثمان سعید
داواکار (خالدە محمد رشید) داوای شەرعی ژمارە (١١٨/ش/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە کە تیایدا داوای پەسەندکردنی (اثبات زواج) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی نووسراوی موختاری (مصیف/ صلاح الدین) بۆیە پێت ڕادەگەینین بەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پشت بەستن بەئەحکامی مادەی (٢١) لە یاسایی دادبینی شارستانی کە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٨/٢٢) ئامادەبێت یان بریکارت ئامادەبێت لە دادگەکەمان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملە و ئاشکرا.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٦٨/ت/٢٠١٦
ڕۆژ: ١٣/٦/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: سهلة چشنی حمه
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٣) لەیاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٨ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر

* * *


سەرۆکاتیا باژێڕڤانیا زاخو
مولکایەتی و زەڤی و زار
ژمارە: ٣٢٢٩/٣٠١/٢/٢
ڕێکەوت: ١٠/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
لدویف نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێڕڤانییا ل پاریزگەها دهۆکێ ژمارە (٥٩٢٥ ل ١٠/٧/٢٠١٩) کو ئامـاژە دایە ب نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ ژمارە (١٨٣٤ ل ١٠/٧/٢٠١٩) سەبارەت جوداکرنا پارچا ژمارە (٢٨٨٨/٢ کەرتێ ١٢ ڕکاوە) ب ڕەگەزێ خزمەت گوزاری لدویف نەخشێ ژمارە (٢٥٩أ) و پارچێن ژمارە (٢٥٩٧/٣ و ٢٧٢٢/٣) کەرتێ ١٣ تلکبر ب ڕەگەزێ خزمەت گوزاری لدویف نەخشێ ژمارە (٢٤٣أ) کو مولکیەتا وان بناڤێ سەروکاتیا باژێڕڤانیا زاخو یە ژبو مەرەما خومالکرنا مولکێ ژمارە (٨٢٥/٧ کەرتێ کیستە) لدویف یاسایا ڕێڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ ٢٥ شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوولاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٣٠) سیە ڕۆژا هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ ل ڕۆژنامێ دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ.
ئەندازیار / بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێڕڤانیا زاخو

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ٤٧٩٩
ڕێکەوت / ٢/٧/٢٠١٩
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕێگای ئایندەی زوو) بازرگانی گشتی و وەبەرهێنانی گەشت و گوزار وکشتوکال وپیشەسازی / سنووردار)وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێ ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو ئەم بریارە نوسرا لە بەرواری ٢/٧/٢٠١٩
ئاراس ڕوۆف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

هونەری هەڵکۆڵینی تاشەبەرد لەباکووری خۆرئاوای ئێران

دیمەنەکانی سەربەرد لە هۆراند (لەقلان)



نەخشەی هۆراند

کەمال نوری مەعروف
لە فارسیەوە گۆڕیویەتیی و لەسەری نووسیوە

پێشەکی:
هەڵکۆڵینی نەخش و نیگار لەسەر ڕووی بەردی سروشتی، پێدەچێت شێوەیەک بێت لەپەیا مێکی بەنرخی گوێزانەوە لەنێوان ئەو مرۆڤانەی زوودا. ئەم هونەرە، کە لە جیهاندا بەر لەپەنجا هەزار ساڵ دەرکەوتووە، سەرەتا لەئەوروپاو ئوسترالیاوە دەستی پێکردووەو دواتر پێدەچێت لەسەرتاسەری جیهاندا ڕەواجی بۆ پەیدا بوو بێت. بوونی پاشماوەی ئاسەواری هونەری لەم بابەتانە زۆرینەی ناوچەکانی وڵاتی ئێرانی ناسراوی گرتۆتەوە، هەتاکو ئێستاش لەناو ئەو دروستکراوانەدا هەن مانایان نادیارن، یان هەیانە لەهەڵکۆڵینیاندا پەیوەستن بەفەرهەنگ یان میتۆوییەکەوە کەبۆیان دیاریکراوە. پاشماوەی ئاسەواری زۆری ئەم هونەرە لەناوچەی باکووری خۆرئاوای ئێران، و لەقەفقاز بەرچاو دەکەون. ئەم باسە کەلێکۆڵینەوە لەسەری سەرقاڵی کردووم، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی پێنج ساڵی دوایی کەتێیدا سنوورەکەی لەڕووە جوگرافییەکەیەوە دیاریکراوە کەباکووری ئازەربایجان دەگرێتەوە، و تێیدا ئەنجام دراوە. گرووپێک لە لێکۆڵەرانی زانکۆی تاران بەهەماهەنگی لەگەڵ (میراث فەرهەنگی ئازەربایجانی خۆرهەڵات)، لەڕۆژی ڕوباری (قەرەسو، یان (لەقلان چای)، لەباکووری گوندی (لەقلان) و باشووری دەربەندێک بەناوی (ئارادەرسی) نەخشی جۆرا وجۆر و زۆریان بەشێوەی هەڵکۆڵراو لەسەر ڕووی بەردەکان دۆزیوەتەوە، یان لەسەر پارچە بەردەکان کەبەڕێژەیەک بەردی گەورە بوون لەگرانیتی ڕەش، ئەم نەخشانە لەکاتی گەڕانی ساڵانی 76- 81 ناسیونان واتە (1998-2003) کەزۆرینەیان وێنەی ئاژەڵی دیاریکراون، هەروەها نەخشی هێمای هەڵکۆڵراوی تریش هەن کەبەسەر (3)کۆمەڵدا دابەشبوون لە: (دەربەندی گوتانلو، دەربەندی جیران و سنووری دیاریکراوی ناسراو بەمەعدەن)، هەموو ئەمانە لەناوچەی هۆراند (کلیبەر)دا بڵاوبوونەتەوە.

کۆتایی

هەندێک ڕاوبۆچوون:
بەخوێندنەوەی ئەو بەراوردکارییانەو ئەو خاڵانەی کەلەدوا بەشی نووسینەکەدا هاتوون بەناونیشانی (بەراوردو ئەنجام وەرگرتن) دەرکەوت وێنە هەڵکۆڵراوەکانی (لەقلان) بۆ قۆناغی دوای دۆزینەوەی کشتوکاڵ و مالیکردنی ئاژەڵی کێوی لەکۆمەڵگای سەردەمەکە دەگەڕێتەوە ئەوەی لەپاشماوەی ئاسەوارە هەڵکۆڵراوەکانی (لەقلان) تۆمارکراون کەوێنەی سەربەردن و لەسەر پارچە بەردی گرانیت دەرهێنراون و لە شێوەی بزنی شاخداران، بەڵای نووسەرەوە دوای بەراوردکردنیان ناچنەوە سەر هیچکام لەوێنەکانی تری وەکو ئەوانەی (سونگون) و (کوبستان) و (شەکیل داش) ئەمەش بەڵگەیەکی فەرهەنگی شارستانیتی (لەقلان) دەردەخات کەوێنە دەرکەوتووەکانی لەڕووی سەردەمەوە دوور دەست و جیاوازترن لەوانی تر.

لێرەدا نووسەری باس لەهەوڵی ئەوەدایە کەئەو خاڵانەی خوارەوەی بۆ ساخبکرێتەوە:

1- سەردەمی ئەو نەخشە هەڵکۆڵراوانەی (لەقلان) بدۆزێتەوە.

2-بۆی دەربکەوێت کەبۆچی وێنەکان هەموویان نەخشی بزنیان لەسەر هەڵکۆڵراون کەبە ڕێزێک لەسەرخۆو هێمن نیشاندراون.

بەڵای منەوە بۆ وەڵامی خاڵی یەکەم دەتوانم بڵێم بەپێی ئەو وێنانەی کەلەسەر بەردەکان هەڵکۆڵراون و بەناوچەکەوە بەگشتی دیارن. سەرەتا دەبێت باسی قۆناغەکە بکەین کە بەپێی شێوە ئەندازەییەکانیان کەلەبەرچاو قورسن و نەخشەکان هەڵکۆڵراون.

بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم کەبۆچی وێنەکان هەموویان بەنەخشی بزن هەڵکۆڵراون؟ بەڵای منەوە وەڵامی پرسیارە کە پەیوەستە بەکۆمەڵێک هۆکار کەلەپێشیانەوە سروشتی ناوچەکە لەڕووی ئاووهەواو ڕادەی باران بارین دەوری سەرەکییان هەیە. وێنەکانی ناوچەی (لەقلان) یش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە هەروەها نووسەری باسەکەش لەهەمان کاتدا ئاماژەی بەوەداوە کەناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی کەم بارانە ، وادیارە بەقۆناغێکی گۆڕانی ئاووهەوا دا ڕۆشتووە. بەڵگەش بۆ ئەمە بەردی مەعدەنی یە کەڕەشەو ناوی گرانیتی لێنراوە. وا دیارە لەسەردەمێکی زووەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکاری یەوە ڕادەی باران بارین تێیدا کەم بوو بێت ، ئەوەش وایکردووە ڕواندنی گژوگیا لەساڵێکدا کەم بووبێت و بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ بەشی نەکردبن تالەوەرزەکانی قات و قڕیشدا دانیشتوانەکەی سوودی لێ ببینن بۆ ئالیکی ئاژەڵەکانیان.


بەمانایەکی تر کەمی گژوگیا حوکم لەسەر جۆری ئەو ئاژەڵانە دەدات کەبتوانن لەبارودۆخێکی ئاواگرانا بەئارام بن و ئالیکی ڕۆژانەیان پەیدابکەن. ئەگەرکەمیش بێت یان لەوەی کە دەستیان دەکەوێت. لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ژیانی مرۆڤی کۆن لەسەردەمەکانی میژوودا جۆرێک لەسەختی ژیانی دیوە بەپێی ئەوەی لەدەوروبەرەکەیدا دەستی کەوتووە. یان لەبەردەستیدا بووە. لەم باسەدا بەپێ پاشماوە شوێنەوارییەکان ئەو مرۆڤانەی کەلەناوچەکەدا ژیاون ڕاستەوخۆ ناتوانین ناوی جوتیاری لێ بنێین کەهەموو ژیانی بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ تەرخانبێت. بەڵکو بەپێی پێویستی ژیانی و ئەندامانی خێزانەکەی ساڵانە دەغڵودانی دەژی و بەردەوامی بەژیانی خۆی دەدات. بۆیە دەتوانین بڵێین وێنەکانی ناوچەی (لەقلان) کەبەشێکن لەو دیاردەیە هەر ئەو هۆکارانە بووە بۆ سنووردارکردنیان لەڕۆژگاری خۆیاندا. مرۆفی کۆنیش بەر لەمێژوو کەبزنی دیاریکردووە هۆکاری تریشی بووە کەبەڵای منەوە دەتوانین لەو خاڵانەی خوارەوەدا بیانخەینەڕوو:

1- بزن لەو ئاژەڵانەیە بۆ ژیانی خۆی لەبەرئەوەی چۆست و چالاکە لەبارودۆخی سەختدا دەتوانێت بەو ژەمە ئالیکە کەمەی کەدەستی دەکەوێت بژی بەپێچەوانەی مەڕەوە کەتەمەڵە و پێویستی بەئالیکی زۆرەو ژیانی لەدەشتدا بەسەردەبات چونکە قورسە.

2- بزن لەو ئاژەڵانەیە کەڕادەی شیری لەمەڕ زۆر ترەو بۆ خاوەنەکەی سوودی زۆرەو چەوڕەو ڕوونی لێدەگرن، بەڵام مەڕ لەو ڕوانەوە کەمتر لەبزن ئەوتایبەتمەندییانەی تێدا هەن.

3-پێستی بزن سوودی گەورەی بۆ دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ هەیە وەکو مەشکەکە بۆ خەزنکردنی ئاوو ڕۆن و شیر بۆ هەڵگرتنیان سوودی لێدەبینن .لەڕوویەکی تریشەوە چەرمەکەی بۆ کەوش و بابەتەکانی تر بەسوودن بۆیە گرنگیدان بەبەخێوکردنی لەڕووی ئابووریییەوە بەهای گەورەی خۆی هەیە . لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەبەخێوکردنی بزن و وێنەکێشانی بەشێوەی ئەندازەیی لەسەرتاوێرە بەردەکان لەناوچەی (لەقلان)دا پێدەچێت هەر ئەو هۆکارانە بێت کەپاڵی ناوە بەهونەرمەندە دێرینەکەوە کەبەو شێوە ئەندازەییە دەری بهێنێ و بیخاتە بەرچاو کەلەمەدا ڕووئاینی یەکەش دەوری بووە. لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1-وێنە هەڵکۆڵراوەکانی (لەقلان) لەدەرهێنانیاندا پێدەچێت ئامێری مەعدەنی بەکارهێنرابێت، نەوەک بەبەردی تیژ هەڵکۆڵرابێت، چونکە هەڵکۆڵین لەسەر بەردی ڕەقی گرانیت کە گرکانیە گەلێک زەحمەتە. نابێت ئەوەش لەیادبکەین کەلەو سەردەمەدا هەروەکو ئاماژەماندا مرۆف هەندێک لەجۆرەکانی مەعدەنی دۆزیوەتەوەو لەژیانی



وێنەی (٢)



وێنەی (٤)

تیرۆر لە کەنارەکانی ئەفریقیا لە گەشەسەندن دایە



ڕەمزی میرەکانی

لە نیوەی مانگی ڕابردوودا، **18** سەرباز لە نەیجەر کوژران، **11** دیکەش بە ونبوو دانران، دوای هێرشکردنە سەر تۆنگۆ تۆنگۆ لە ناوچەی تیلا بێری، لە نزیک سنووری مالی، ژمارەیەکی زۆری بریندارییش ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی نیامی پایتەخت کران، بۆ وەرگرتنی چارەسەریی. ئەو ناوچەیە بەو هێرشە دەناسرێتەوە، کە تێیدا چوار سەربازی ئەمەریکی و پێنج سەربازی نەیجەری کوژران، لە ساڵی **2017**دا، ئەوەی ڕێکخراوی داعش لە بیابانی گەورە، خستیە ئەستۆی خۆی و گرتەی دیمەنەکانیشی بڵاو کردەوە، لە دوای ڕووداوەکەدا.

لە سایەی ئەو کردە تیرۆریستییەدا، بۆرکینا فاسۆ، لە ڕێکەوتی **16** ئایاری ڕابردوودا، داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش کرد، هاوپەیمانییەتییەکی نێودەوڵەتی لەدژی تیرۆر لە ناوچەی کەنارەکاندا دروست بکەن، کە هاوشێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەدژی تیرۆر لە عێراق و سووریا بێت. بەرپرسێکی ئاسایش، سەبارەت بە هێرشەکەی ناوچەی تیلابێری، لە خۆرئاوای نەیجەر، لە نزیک سنووری مالی، بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕاگەیاند، ئەو بۆسەیە کردەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی گرووپێکی تیرۆریستی بوو، کە لە سەدەها چەکدار لە باکوور پێکهاتوون. ئەو هێرشە دڕندانەیە، لەگەڵ کۆبوونەوەی وڵاتانی کەنار لەگەڵ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لە بڕۆکسل، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەڵکشانی تیرۆر لە کەنار و بیابان هاوتا بوو.

هەڵوێستی یەکێتیی ئەورووپا

فیدیریکا مۆگیرینی، نوێنەری یەکێتیی ئەورووپا، دانی بەوە نا، ڕەوشی ئێستا کە فراوانبوون و هەڵکشانی چالاکیی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە کەناری بەخۆوە دیوە، یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی کەنار، دەخاتە جۆرێک لە دووفاقییەوە، چونکە هەوڵەکانی یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام، لە بەرژەوەندی پێنج وڵاتە گەورەکەی کەنار لە زیادبوون دایە، بەڵام ئاستی ئاسایش هەر بەڕەو خراپی دەچێت. لەلایەن خۆبشییەوە، تیبێل درامی، وەزیری دەرەوەی مالی، پێی وایە، ئەو شتەی بۆ ئەوان پێویستە، پەلەکردنە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان، لەگەڵ کۆمەکی نێودەوڵەتی بەرجەستەکراو، هاوپەیمانییەتییەکی نێودەوڵەتییە لەدژی هەڕەشەکانی تیرۆر و هەوڵدانی زیاترە. هەرچی دیدێ ڕایندرز، وەزیری کاروباری دەرەوە و بەرگری بەلجیکایە، پێی وایە، وڵاتانی مەبەستیش دەبێت کۆنترۆڵی سنووروکانی خۆیان بکەن و هاتوچۆی چڕی ئەوێ ڕابگرن.

وڵاتانی ئەورووپای دیکەش داوا دەکەن، چەکی میلیشیاکان دابماڵدرێت، چاکسازی لە هێزەکانی ئاسایش بکرێت، تۆمەتباران سزا بدرێن و خزمەتگوزاری گشتیی، دووبارە لە ناوچەکانی سنووریی بڵاو بکرێنەوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان چی دەڵێت؟

سێ بەرپرسی گەورە لە بواری مرۆیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وتیان، هێرشەکانی چەکداریی بەردەوام، لە ناوچەی کەنار و کەمی خۆراک، پەیوەستە بە وشکەساڵی توندی پارەکە، کە گەیشتە ئاستی ڕوو نەداو، ئەوەش ئایندەی نەوەیەکی تەواوی خستە مەترسییەوە. لە ساڵی **2018**دا، ڕووداوەکانی تونددوتیژی لە ناوچەکەدا، بەرەو ئاستی سەرووتر بەرز بوونەوە، واتە چوار قات زیاتر لە سەروبەندی قەیرانەکەی مالی لە ساڵی **2013**دا. هەروەها لە ساڵی تازەشدا، چالاکی گرووپە توندڕۆکان لەسەر سنووروکان زیاتر بووە، کە زۆربەیان ناوچەی هەژارنشینن. ئەوەش بە زۆری بۆ نیگەرانی نێو کۆمەڵگەکان، گەشەکردنی ملمڵانێ و خشتەی کاری گرووپە تیرۆریستییەکان دەگەڕێتەوە. ئەوەش ڕۆڵی لە زیادبوونی تونددوتیژی لەنێو کەسانی مەدەنیی، لە بۆرکینا فاسۆدا هەبوو، کە هێرشی چەکدارییە لە ناوچەکانی سنوور لە خۆرهەڵات و باشووردا بەربڵاوە، کاریگەری بەسەر وڵاتانی دراوسێشدا هەیە. لەبەر مەترسی ئەو تەوژمە تازەی تیرۆردا، بەرپرسانی نیشتەجێ و مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بانگەوازێکدا هۆشداریبیان دا، دەبێت کۆمەک بۆ بەهاناوەچوونی ملیۆنەها کەسی زیان لێکەوتوو، لە بڵاوبوونەوەی تونددوتیژی لە مالی، نەیجەر و بۆرکینا فاسۆ زیاد بکرێت، چونکە نەبوونی سەقامگیری، هەڕەشەی گەیشتن بە وڵاتانی خۆرئاوای ئەفریقیاش دەکات، لەبەرئەوەی، تێکۆشانی چالاکی گرووپە تیرۆریستییەکان و دڵڕەقی سروشت، بوونە هۆی زیادبوونی پێدوایستییەکان وزیادبوونی شەپۆلەکانی کۆچکردن،پێنج قات لەیەک ساڵدا، زیاتر لە **330** هەزار کۆچبەر و **100** هەزار پەنابەر تۆمار کراون. مبیرانگا گاساراباوی، هەماهەنگکاری نیشتەجێی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگکاری کاروباری مرۆیی لە مالی وتی، ئەوەیان دەبێتە هۆی کاوڵکارییەکی دوو سەرە، چونکە لە مالی، زیاتر لە **1800** قوتابخانە و **80** بنکەی تەندروستی داخراون، یان بە شێوەیەکی نیمچەیی کار دەکەن، ئەوەش دەرفەت بە تونددڕۆکان دەدات، ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەشی دانیشتوانی خۆمالی بکەن. سەبارەت بە پینتۆ جیبۆ، هەماهەنگکاری نیشتەجێی کاروباری مرۆیش لە نیجەر دەڵێت، دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئابڵوقەدانی تونددوتیژی لەو ناوچەیە، لەسەر ئاستی بە هاناوەچوونی بەردەوام و گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بە پەلە جوولە بکات، کاریش لەسەر کەمکردنەوەی هەستکردن بە پەراوێزخستن و بێبەشبوون لە مافەکاندا بکات.

کۆمەکی مرۆیی

گەیشتووەتە **100** هەزار کەس. لە بۆرکینا فاسۆشدا، ژمارەی کۆچبەران لە زیادبوون دایە، بە جۆرێک لەنیوەی یەکەمی ساڵی **2019**دا، زیاتر لە **100** هەزار کەس، مااڵەکانی خۆیان جێهێشتووە. هەرچی نەیجەرە، لە ناوچەکانی تیلابێری و تاهوادا، زیاتر لە **70** هەزار کەس، بەهۆی تونددوتیژی، مااڵەکانی خۆیان جێهێشتووە. مەینەتی دانیشتوان و پێویستی بۆ کۆمەکی خۆراکی لە زیادبوون دایە، لە سایەی تەوژمێکی تونددی وشکەساڵیدا، ئێستا نزیکەی دوو ملیۆن کەس، کێشەی نەبوونی ئاسایشی خۆراکیان هەیە. هەروەها بەدخۆراکی توند، هەڕەشە لە ژیانی نزیکەی **400** ملیۆن منداڵ دەکات. ئەوەی ڕەوشەکەی خراپتریش کردووە ئەوەیە، چالاکی گرووپە تیرۆریستەکان، بڵاوبوونەوەی تونددوتیژی و تاوان، نەبوونی ئاسایش، بەربەستی خستووەتە بەردەم جوولەکردن و ڕەوشی ئەو کۆمەڵگانەشی خراپتر کردووە، کە پێشەیان ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردنە. پێناچێت هەوڵەکانی **248** دەزگای بەهاناوەچوون، کە لە ناوچە کاریگەربووەکان کار دەکەن، لەگەڵ چەندین هاوبەشی خۆمالی، بۆ کەمکردنەوەی قەیرانەکە بەشێوەیەکی خێرا بەس بێت، کە ناوچەی کەناری گرتووەتەوە. بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتنیش لە کاری بەهاناچوون و کەمکردنەوەی تەوژمی تونددوتیژییەکانی ئێستا، پێویستی بە یەکخستنی کاری هەموو لایەنەکانی خۆمالیی و جیهانی هەیە، لەگەڵ چڕکردنەوەی جۆرەکانی هاوبەشی، لەنێوان کۆمەڵگەکانی خۆمالی، حکومەتەکان، لایەنە کاراکانی مرۆیی، گەشەپێدان و هاوبەشانی نێودەوڵەتی، چونکە هەماهەنگی گشتیی لەنێوان لایەنەکاندا، پشتیوانی لە ئاراستەکەی ئێستا دەکات، کە بەنیازی دەستوەردانی خێرا و کارایە، بۆ باشترکردنی ژیانی ملیۆنەها کەس لەناوچەی کەناردا.

لایەنی مێژوویی

لە لایەنی مێژوویییەوە، بە گوێرەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە بێت، ناوچەی کەنار، بە گۆڕانکاری ڕێکخراوی (فاو) ئامازە بەوە دەکات، زیاتر لە **80%** زەویییەکانی ناوچەکە تێکچووە. مالکۆم بوتس، لە زانکۆی کالیفۆرنیا دەڵێت، بە هاتنی ساڵی **2050**، ناوچەی کەنار، بەرزبوونەوەی ئاستی بڵاوبوونەوەی غازە گەرمەکان بەخۆوە دەبینێت، ئەوەش کاریگەری بەسەر پلەکانی گەرماوە دەبێت، کە بەڕێژەی **3** تاکو **5** پلەی سەدی گەرمتر دەبێت، بەمەش ڕووداوە تونددەکانی ژینگە باوتر و بڵاوتر دەبێت لە ناوچەکەدا. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، ئاماژە بەوە دەکات، ئەو تەنگژە قەبەیە، بە گوێرەی چەندین فاکتەری جیاوازەوە، ڕاڤەی قەیرانی ژینگەیی ناوچەی کەنار دەکات، بەرنامەکە پێی وایە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، کە لەگەڵ تێکچوونی زەویەکانی کشتوکاڵی هاوتایە، لەگەڵ برینەوەی دارستانەکان و بەرهەمە بەردەوامەکان، لەوەڕاندنی ناڕەوا، بارینی ناڕێکی باران، سوود وەرنەگرتن لە ئاوی بارن، نەبوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی ژینگە، لەلایەن حکوومەتەکان و پیوارەی پێشنۆرەی گەشەپێدانی ناوەندی و خۆمالی، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی، ڕێژەیەکی زۆری جوگرافیای کەنار ببێتە زەوی وشک و برینگ، ئەوەش دەبێتە هۆی تێکچوونی سەرچاوەکانی ئاو و مااڵتەکان.

هەوڵی وڵاتان

هەرچەندە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، لەگەڵ سعودیە و ئیمارات، هەوڵێکی زۆریان داوە، بۆ ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە کەنار بەهێز بکەن، کەچی پرۆسەکانی هێزی هاوبەش، ڕووبەڕووی هەڤرکی توند دەبێتەوە، کە دوای هێرشکردنە سەر بارەگاکەی لە سیفاری لە **29**حوزەیرانی **2018**، ناچار بوو بوەستێت، پاشان لە کانونی دووەمی ڕابردوودا دەستی بە کارەکانی کردەوە. هەرچەندە پشتیوانییەکی زۆر لە هێزی (برخان)ی فەرەنسی دەکرێت، کەچی هێشتا سوپای کەنار بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بە شێوەیەکی تەواو کار ناکات، دوای پێنج ساڵ، لە کۆمەکردن و پشتیوانی کردنی، بەمەش ناگاتە ڕێژەی **80%** لە توانا و چالاکییەکانی، کە پێش ساڵی **2019**، بۆی کێشرابوو. بەهەر حاڵ، هێشتا پرسیاری زۆر لەبارەی هێزی هاوبەش (**G5**) هەیە، کە یەکێتیی ئەورووپا بە **147** ملیۆن یۆرۆ، بەشداریی تێداکرد، ئەوەش تەنیا دەتوانێت چەندلایەنێکی لۆجیستی ناکارا، بەرامبەر هەڵکشانی هێزی گرووپە تیرۆریستەکان داپۆشێت. بۆ کارکردن لەناوچەکانی سنووری، پێنج وڵات (مالی، نەیجەر، چاد، مۆریتانیا و بۆرکینا فاسۆ)، هێزی ئاسایشی هەرێمایەتی تایبەت بەخۆیان دروست کردووە، کە لە نزیکەی **5**هەزار پیاو، لەژێر سەرکردایەتییەکی ناوەندیی پێکهاتووە، کەچی ئەو هێزەیە، بەدەست بێهێزییەکی درێژخایەن و کەمی تواناکان دەناڵێنێت، ئەوەش ڕێگە بە گرووپە تیرۆریستەکان دەدات، بە ئازادییەکی زیاتر، لەنێو جوگرافیایەکی فراوان و بەقەیران لەڕووی ئیتنی، ئایینی و کەشوهەواوە جوولە بکەن.

سەرچاوە:
www.aawsat.com

ئەمڕۆ لە مێژوودا




ساڵی 1948:

بڕیاری ژمارە **54**ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرکرا کە تایبەت بوو بە وەستاندنی کردەوە سەربازیەکان لە فەلەستین .



ساڵی 1958:

نوری سەعیدی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق لە سێدارە درا .



ساڵی 1962:

دوای نەمانی دەسەڵاتی فەرەنسا بە سەریدا، جەزائیر داوای کرد ببێتە ئەندام لە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی.



ساڵی 2007:

شیمۆن پیرێز بوو بە سەرۆکی ئیسرائیل .



ساڵی 2009:

لە شاری قەزوینی باکووری ڕۆژئاوای ئێران فڕۆکەیەک کەوتە خوار و **150** کەس لە سەرنشینانی گیانیان لەدەست دا .



ساڵی 2016:

لە تورکیا کودەتایەکی سەربازیی ڕوویدا بەڵام دواتر شکستی پێ هێنرا .



www.xebat.net
دووشەممە2019/7/15 ژمارە (5789)
خەبات



سیخوڕێکی دیکەی (جیاواز) بڕیاری دا لە ڕووسیا دوور بکەوێتەوە!

ئا: ل.کاروباری نێودەوڵەتی

لە جیهانی سیخوڕیدا زۆر جار ڕوویداوە کەسێک یان کەسانێکی ڕاهێنراو لەسەر ئەنجامدانی کاری سیخوڕیکردن لە وڵات و دەسەڵات و حکوومەتەکانیان جیا ببەنەوە و ڕوو بکەنە وڵاتی تر . بەڵام زیاتر ئەمە لە لایەن مرۆڤە سیخوڕەکان بەدی کراوە نەوەک لە جیهانی ئاژەڵان .

نەرویژ پێشوازی لە نەهەنگێک کرد

ڕۆژی **25**ی ئەپریلی ڕابردوو ، لە دووری چەند میلێکی کەم لە نزیک یەکێک لە بەندەرە بچووکەکانی نەرویژ ، ماسیگرانی ناوچەکە نەهەنگێکی سپیان گرت کە تەوقێکی لە مل کرابوو و لەسەری نووسرابوو کەلوپەلی سانت بترسبۆرگ . دواتر باس لەوە کرا کە نەهەنگەکە لەلایەن دەزگا هەواڵگریە ڕووسیەکانەوە مەشق و ڕاهێنانی پێ کراوە بۆ ئەوەی وەک سیخوڕێک کار بکات ، بەڵام ئەو بڕیاری داوە لە ڕووسیا دوور بکەوێتەوە و ڕوو بکاتە وڵاتی نەرویژ .

ڕۆژنامەی گاردیان ڕای چییە؟

سەبارەت بەو نەهەنگە سپیە ، ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت : ئەو نەهەنگە سپیەی لە کەناراوەکانی نەرویژ گیراوە ، تا ڕادەیەکی زۆر ئاشنایە لەگەڵ مرۆڤ ، بەجۆرێک هەر کەسێک بانگی بکات دەچێتە لای . بە گوێرەی وتەی هاوڵاتیەکی دانیشتووی ناوچەی تۆفگوردی دوورگەی ڕۆڵڤسیای نەرویژیش پێشنیاز کراوە ناوێک بۆ ئەم بوونەوەرە دابنرێ .

بوونەوەرێکی مالّی

زۆربەی دانیشتووانی ناوچەکە باس لەوە دەکەن کە لە توانایاندا هەیە وەک بوونەوەرێکی مالّی مامەڵە لەگەڵ ئەم نەهەنگەدا بکەن . ئەوان نەهەنگەکەیان بە تەوقێکەوە گرتووە کە شوێنی هەڵگرتنی کامێرا یان چەکێکی هەبووە و لەسەری نووسراوە (کەلوپەلی سانت بترسبۆرگ) .هاوڵاتیەکی دانیشتووی ناوچەکە بەناوی ساسر دەڵێ: ئەم نەهەنگە ڕەنگی سپیە و لە توانایدا هەیە جموجۆڵی سەیر ئەنجام بدات ، چەندین جار بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە ، هەروەها کۆمەڵێکی زۆری بازنەی پلاستیکی لەناو ئاودا دەگەیەنێتەوە یەک ، ئیناجا لە نزیک بەلەمەکانمان مەلە دەکات و دەمی دەکاتەوە وەک بڵێی چاوەڕێ دەکات ماسیەکی پێ بدرێ وەک پاداشت بەرامبەر بە کارەکانی .

ئەمە کارەساتە

دانیشتوویکی دیکەی دوورگەکە کە یاریی لەگەڵ نەهەنگەکەدا کردووە دەڵێ: ئەمە ئەگەرچی ئەزموونێکی سەیرە بەڵام لە هەمان کاتدا کارەساتێکی گەورەشە ، کارەساتە کاتێک مرۆڤ پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی گیانەوەران بۆ ئەنجامدانی کاری قێزەونی وەک سیخوڕیکردن . ئەو دەشڵێت : ئەم نەهەنگە لەسەر جێبەجێکردنی کاری دیاریکراو ڕاهێنراوە و هەرکاتێکیش بانگی دەکەین یان بە دەست ئاو دەجولێنین ، کاردانەوەی جیاجیا دەنوێنێ و لەسەر هێنانەوەی ئەو شتانەش ڕاهێنراوە کە فڕێ دەدرێنە ناو دەریا . کەسێکی دیکە بەناوی تور هاریلد گولینج بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاند ، لە دوورگەیەکەوە بۆ دوورگەیەکی دی و بۆ ماوەی یەک کاتژمێری تەواو ئەم نەهەنگە وەک سەگێک بەدوای بەلەمەکەی کەوتووە ، لە ڕێگادا چەندین جار ڕێگەی داوە دەست لە دەموچاوی بدەم و یاری لەگەڵ بکەم.

باس لەوە کرا کە نەهەنگەکە لەلایەن دەزگا هەواڵگریە ڕووسیەکانەوە مەشق و ڕاهێنانی پێ کراوە بۆ ئەوەی وەک سیخوڕێک کار بکات ، بەڵام ئەو بڕیاری داوە لە ڕووسیا دوور بکەوێتەوە و ڕوو بکاتە وڵاتی نەرویژ



دوو بۆچوون

لێکدانەوە سەرەتاییەکان بەو ئاراستەیەن کە نەهەنگە سپیەکە لە پێگەیەکی سەربازیی ڕووسیا سەرەکی کەشتیگەلی ڕووسیای باکووڕە ، بەرپرسی یەکەمە لەم بارودۆخە . ئەگەرچیش تا ئێستا پۆلیسی نەرویژ هیچ زانیاری ئەوتۆی دەربارەی ئەو تەوقە نەدرکاندووە کە لە ملی نەهەنگەکە بووە بەڵام وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا ڕایگەیاند کە هیچ پرۆگرامێکی لەو جۆرەی لەبەر دەست نیە .

لێکدانەوەیەکی دیکەش باس لەوە دەکات کە تەوقەکەی ملی ئەم نەهەنگە مانای ئەو دەبەخشێ کە نەهەنگەکە لەوانەیە لە یەکێک لە پارکە گەشتیاریە دەریاییەکانی سنت پترسبۆرگی ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکاوە ڕووی کردبێتە ئەم ناوچەیە ، بەڵام ئەم قوتابیە پێی وایە ئەمە دوورە لە ڕاستی .

شارەزایان نیگەرانن

ئەم نەهەنگە لە هەر شوێنێکەوە ڕووی کردبێتە کەناراوەکانی نەرویژ ، بەڵام شارەزایان نیگەرانن لەوەی ئەم نەهەنگە چۆن دەتوانێ تا کۆتایی بەم جۆرە ژیان بەسەر ببات . ئەوان دەڵێن: نازانین نەهەنگەکە چۆن پشت بەخۆی دەبەستێ ، ئێمە دەزانین ئەو نەهەنگانەی لە پارکە گەشتیاریەکان ئازاد دەکرێن ناتوانن وا بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ ژیانی دەریادا بگونجێنن . بۆیە دەبێ خەڵک چیتر خواردن بەم جۆرە نەهەنگانە نەدات بۆ ئەوەی فێر بن خۆراک بۆخۆیان پەیدا بکەن و ببنە ئەندامی ئەو گرووپانەی کە بە دەریاکاندا گوزەر دەکەن .

مانشێت



سکای نیوز:
پۆلیسی ئەمەریکا بە مەبەستی دەستگیرکردن و ڕیپۆرتکردنەوەی پەنابەرە نایاساییەکان ، هەڵمەتێکی فراوانی لە **10** شار دەست پێکرد .



ڕۆژنامەی ئەلەحەیات:
حکومەوتی بەریتانیا هۆشداری دایە ئەو کەشتیانەی ئالای شانشینی یەکگرتوویان بەسەرەوەیە لە کاتی تێپەڕبوونیان لە نزیک کەناراوەکانی ئێران ئاگاداری خۆیان بن .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا بڕیاری دامەزراندنی سەرکردایەتیەکی سەربازی تایبەت بە بۆشایی ئاسمانی دەرکرد .



ڕادیۆی سەوا:
لە نزیک کەناراوەکانی تونس ، بەلەمێک ژێرئاو کەوت کە ژمارەیەک پەنابەری نایاسایی هەڵگرتبوو و لە ئەنجامدا **82** کەس بوونە قوربانی .




ئەی ئێف پی:
وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا ڕایگەیاند کە دەسەڵاتدارانی چین هاوڵاتیەکی دیکەی کەنەدیان دەستگیر کردووە.



کەنالّی ئار تی:
بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر لە هیند و نیپال ، زیاتر لە **40** کەس گیانیان لەدەست دا .

ئاڵای وڵاتان



جەزائیر

ئەگەرچی مێژووی ئاڵای ئەم وڵاتە بۆ سەرەتای سەدەی **16** دەگەڕێتەوە ، بەڵام هەمان ئاڵا لەلایەن بەرەی ئازادیخوازی جەزائیر لە خەبات دژی فەرەنسیەکان بەکار هێنرا و لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆییشدا وەک ئاڵای فەرمی وڵات دەستنیشان کرا . ڕەنگی سپی مانای پاکی و ڕەنگی سەوز و مانگ و ئەستێرەکەش چەند هێمایەکی ئیسلامی دەبەخشن .



سبەی شەو مانگ بە نیمچەیی لە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا دەگیرێت

بە پشت بەستن بە پێوانە فەلەکییەکان، سبەی سێشەممە، 2019.7.16 مانگ گیرانێکی نیمچەیی (Partial Lunar Eclipse) لە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێ.

جگە لە هەرێمی کوردستان، ئەم مانگ گیرانە لە هەریەکە لە ولاتانی ئەورووپاو ئەفریقاو ئاسیای ناوەڕاست و زەریای هیندی) یشدا دەبینرێ.

سەبارەت بە کات و قۆناغەکانی ئەم مانگ گیرانە نیمچەییە، ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوە لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت:

رۆژی سێشەممە 2019.7.16- کاتژمێر 9:43ی شەو بە کاتی (هەولێر)، مانگ گیران دەستپێدەکات و ئەوکاتە مانگ دەچێتە ناوچەی نیمچە سێبەری زەوی (Penumbra) کە ئەستەمە بە چاوی ئاسایی هەستی پێ بکرێت، بەڵام لە رێگەی وێنەگرتنی فەلەکی دەردەکەوێت.

- کاتژمێر 11:01ی شەو، مانگ گیرانی نیمچەیی دەست پێدەکات و مانگ دەچێتە نێو ناوچەی سێبەری تاریکی زەوی (Umbra) و ئەوکاتە بەچاوی ئاسایی هەستی پێدەکرێت.

- رۆژی چوارشەمە 2019.7.17 کاتژمێر 12:30ی شەو، مانگ گیرانی نیمچەیی دەگات بە بەرزترین ئاست و نزیکەی 74%ی دیسکی رووناکی مانگ تاریک دەبێت.

- کاتژمێر 1:59ی بەیانی کۆتایی قۆناغی مانگ گیرانی نیمچەیی .

-کاتژمێر 3:17بەیانی کۆتایی قۆناغی مانگ گیرانی نیمچەسێبەر و کۆتایی مانگ گیران بە تەواوی .

جێگای ئاماژەیە کەوا کاتی گشتیی دیاردەی مانگ گیران بە هەرسی قۆناغ 5 کاتژمێر و 33 خولەک و 16 چرکە دەخایەنێت و وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، قۆناغی مانگ گیرانی نیمچەسێبەر بە چاوی ئاسایی هەستی پێناکرێت .

ئا: هەرێم عمر کاکل
رێکخراوی فەلەکناسی کوردستان


دووری نێوان زەوی و تەنەکانی نێو سیستەمی خۆر بە پێوانەی ساڵی رووناکی چەندە؟

تیمێک لە لێکۆڵەرەوان توانیان چەند تونێلێکی نامۆ لەژێرەوەی بنکەی هەرەمی گەورەی مەکسیکی کۆن کە ناسراو بە (هەرەمی مانگ)دا بدۆزنەوە و پێشبینی دەکرێت بۆ هەندێ رێوڕەسمی شێوە ئایینی ئەوکاتەی گەلی (ئەزتیک) دا بەکارهاتبێ کە پەیوەندیان بە شوێنی ناسراو بە (جیهانی ژێروو) کە بە بیروڕایان تایبەتە جیهانی مردووەکان.

ئەم دۆزینەوەیە لەلایەن تیمێکی (پەیمانگەی نیشتیمانیی بۆ ئەنترۆپۆلۆجیاو میژوو لە مەکسیک) بووەو لەم بارەیەوە (فیزیکا ئۆرتیگا) بەرێوەبەری پرۆژەی (پارێزگاری تەواو لە گۆڕەپانی کۆشکی مانگ ژ پلازا دی لا لونا) گوتوویەتی:" کارەکانی هەڵکۆڵین لەو ناوچانە کراوە کە پەیوەستن بە شوێنی تایبەت بە ئەنجامدانی رێوڕەسمی شێوە ئایینی تایبەت بە جیهانی مردووەکاندا، وە ئەو تونێلانەی تیایدا دۆزراونەتەوە یارمەتیان دەدات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان پێکەوەبەستانی ئەو شارە کۆنە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی میژوویی (ئەمریکای ناوەڕاست) دا".

بۆ دۆزینەوەی ئەو تونێلانە پسپۆڕان لە حوزەیرانی 2017دەوە تەکنیکی ناسراو بە (بەرهەڵستکاریی کارەبایی) یان لە دەروبەری هەرەمەکەدا بەکارهێناوە کە شێوازێکە لە رووماڵکردنی جیۆفیزیایی بۆ ناسین و وێنەکێشانی ئەو چینانەی کە لەبەر چاواندا دیاردنین و دەکەونە چینەکانی ژێرەوەی رووی زەوی و دەرکەوت کە ئەو تونێلانە لە قوڵایی 26 پێ لە ژێرەوەی (هەرەمی گەورەی مانگ) ن و تیرەیان 49 پێیە.


جێگای ئاماژەپێدانە، (هەرەمی گەورەی مانگ) دووەم گەورەترین هەرەمی شارستانییەتی کۆنی (ئەزتیک) ن کە 200 ساڵ پێش زایین لە (مەکسیک) دا بونیاتنراوەو گەورەترین هەرەمیش ناسراوە بە (هەرەمی خۆر).




لەنێو زانستی فەلەکناسی و گەردوونناسیدا، مەوادی نێوان تەنەکان هێندە زۆرە کەوا ئەستەمە بتوانرێ بە کیلۆمەترو میل لێک بدرێنەوە، بۆیە پسپۆڕان پەنایان بردۆتە بەر خێرایی تیشک یان رووناکی بۆ دەربڕینی ئەو مەودایانە، کە بریتییە لەو ماوەیەی رووناکی لەماوەی ساڵێک و بە خێرایی 300.000کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا دەیبڕێت و یەکسانە بە 9تریلیۆن و 450 ملیار کیلۆمەتر، بەڵام ئەو پێوانەیە بۆ نیشاندانی ماوەی نێوان ئەستێرەکان و گەلەستێرەکان بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە نزیکترین ئەستێرە لە خۆر ناسراو بە (پرۆکسیما سێنتاوری) و ماوەکەی دەگاتە 4.3 ساڵی رووناکی، بەڵام نزیکترین گەلەستێرە لە گەلەستێرەی خۆمان (ڕێی کاکێشان) ناسراوە بە گەلەستێرەی (ئاندرۆمیدا -M31) کە بە مەودای نزیکەی 2ملیۆن ساڵی رووناکی لێمانەو دوورە.

لە رووی زانستییەوە دەتوانین مەودای نێوان تەنەکانی نێو (سیستەمی خۆر) بەخێرایی رووناکی و بە کیلۆمەترو میل بپیوین، بەڵام بە پێوەرە بچووکترەکانی کات (وەک چرکە، خولەک، کاتژمێر، ڕۆژ)، وە لیستی خوارەوە ماوی نێوان ئەو تەنە ئاسمانیانەمان بۆ دەردەخەن کە لەنێوان خولەک و کاتژمێردان:

دووری نێوان زەوی و (خۆر) 8.3 خولەکی رووناکی.
زەوی و عوتارد (5.1) خولەکی رووناکی .
زەوی و (زوهرە) 1.3خولەکی رووناکی .
زەوی و (مانگ) 1.1چرکەی رووناکی .
زەوی و (مەریخ) 4.3 خولەکی رووناکی.
زەوی و (پشتێنی هەسارۆکەکان) 4.7 خولەکی رووناکی.
زەوی و (موشتەری) 34.9خولەکی رووناکی .
زەوی و (زوحەل) 1.18کاتژمێری رووناکی.
زەوی و (ئۆرانۆس) 2.52کاتژمێری رووناکی .
زەوی و (نیپتۆن) 4.3کاتژمێری رووناکی .
زەوی و هەسارەی بچووکی (پلوتۆ) 4.6 کاتژمێری رووناکی .
زەوی و (پشتێنەی کایپەر) 6.79 کاتژمێری رووناکی .



نزیک کەوتنەوە لە گەورەترین گێژەڵووکە لەنێو سیستەمی خۆردا



(قانە سوورە مەزنەکە - The Great Red Spot)، ئاوا نازناوەکەی وەرگرتووەو بریتییە لە گێژەڵووکەیەکی زۆر زەبەلاح لەنێو بەرگە هەوای هەسارەی (موشتەری) و خێرایی تەوژمی با تیایدا دەگاتە سنووری 800 کیلۆمەتر لەیەک کاتژمێردا.

بۆیەکەمجار لەسەر دەستی فەلەکناس (لیندەر باندیوس) لە ساڵی 1632دا بینراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی کامێرا لەو کاتەدا، (لیندەر) بەدەستی خۆی دیمەنی ئەو قانە سوورەی کێشاوە، بەم واتایە تەمەنی ئەو گێژەڵووکە مەزنە چەند رۆژێک نییە، بەڵکو چوار سەدە زیاترەو تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

هێڵی دڕێژیی ئەو قانە سوورە ئارام نییەو دەگۆڕێت، بەڵام لەئاست هێڵی پانیدا هەردەم جێگیرەو شوێنگەکەی ناگۆڕێت.

بۆیەکەمجارو لەساڵی 1974دا، کەشتی ئاسمانیی (پایۆنیر 10) لە نزیکترین خاڵ لەگەڵ هەسارەی (موشتەری) دا تێپەڕی و دیمەنی هەسارەکەو قانە سوورەکەی ڕەوانەکردەوە، بەڵام ئەوکاتە هیچ پێوانەیەکی بۆ ئەنجام نەدا.

لەساڵی 1979دا، کەشتی ئاسمانیی (ڤۆیاجەر 1) گەیشتە نزیکترین خاڵ لەو گێژەڵووکە مەزنەوە کە گەیشتبووە 5 ملیۆن و 700 هەزار کیلۆمەترو دەریخست پانییەکەی دەگاتە سنووری 23335 کیلۆمەتر! بەڵام بەپێی دەستنوسەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، دەردەکەوێت پانییەکەی ئەوکاتە زیاتر بووەو لە سنووری 41هەزار کیلۆمەتر بووە.

کەشتی ئاسمانیی هەرە پێشکەوتووی ناسراو بە (جونۆ) و لە 2017.7.10 و لە نزیکترین خاڵدا، دیمەنێکی سیحراویی و سەرنجڕاکێشی پڕ لە وردەکاریی سەرسامکاری ئەو گێژەڵووکە مەزن و میژوویییەی بۆ زانایان ڕەوانە کردۆتەوە، هەروەها دەریخست تیرەی ئەو گێژەڵووکەیە لە سنووری 16350 کیلۆمەترە، واتە ئێستا 1.3جار لە زەوی گەورەترەو گرتەکەشی لەبەرزایی تەنها 3400 کیلۆمەتر لەئاسمانی سەرووی ترۆپکی هەور چڕوپڕەکانی (موشتەری) دا وەرگرتووە.




بەپاڵپشتی مێسی.. سکالۆنی هەر بەراهێنەر مایەوە

یەکێتی تۆپی پێی ئەرژەنتینی بۆندی لیۆنێل سکالۆنی راهێنەری تا کۆتایی کەمپینی مۆندیالی داهاتووی 2020ی قەتەر درێژ کردەوە، ئەوەش دوای ئەوەی تەواوی یاریزانانی تانگۆ پشتیوانیان لێکرد، لەسەرووی هەموویانەوە لیۆنێل مێسی.

بڕیار بوو بۆندی ئەو راهێنەرە لە دیسێمبەری داهاتوو تەواو بوایە، بەڵام دوای گفتوگۆ لە ناو یەکێتی تۆپی پێی ئەرژەنتینی، هەروەها پشتیوانی کردنی مێسی لە سکالۆنی دواجار هەموو کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەو راهێنەرە تەمەن 41 ساڵیی لە هێزەکەی خۆی بەردەوام بێت.

لەساڵیادی کۆچی دوایی سدیقی گچکە

مرۆڤێک هەموو ژیانی خۆی بۆ وەرزش و پەروەردە و فێرکردن بەخشی



9 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دڵە گەورەکەی مامۆستا سدیق هورمزیار ناسراو بە سدیقی گچکە لە لێدان کەوت و گیانی سپارد، سدیقی گچکە کە لەساڵی 1951 لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لەدایکبووە، هەموو تەمەنی خۆی لە نێو وەرزش و نووسین و پەروەردەو فێرکردن بەسەربردووە، هەربۆیەشە کەسێکی ناسراو بوو لەنێو ئەو بوارانەدا، نەوەک هەر لە کوردستان بەڵکو لە ئاستی عێراقیش پەیوەندی باشی لەگەڵ نێوەندە وەرزش و کەسایەتییەکان هەبووە.

سدیقی گچکە تا ئەوکاتەی لە ساڵی 1972 تووشی پێکان دەبێت، لە وەرزش دانەبڕاوە، خزمەتیکی زۆری بەو بوارە بۆ هەریەک لە تیپە میلییەکانی سەفین و سێتاقان و ئەتلەس و خانەقا کردووە، دواتر بۆ یانەکانی بروسک و هەولێر و هێرش و دواتریش هەڵبژاردەی هەولێر یاری کردووە، ئەوکاتەی تووشی ئەو پێکانە دەبێت، رووەدکات بواری نووسین و پێش راپەڕین لە رۆژنامەکانی عێراق بابەتی بلاوکردۆتەوە، دوای راپەڕینیش لە رۆژنامەی برایەتی و خەبات و وەرزشی برایەتی وەک بەرپرسی لاپەڕە بەردەوام بووە و چەندین کەس لەو ماوەیەدا لەژێر دەستی ئەودا پێگەیشتوون.

تایبەتمەندییەکی دیکەی مامۆستا سدیقی گچکە لە بواری پەروەردەو فێرکردنەوە هەمیشە وەک باوکی قوتابیان مامەڵەی کردووە و تا دواساتەکانی ژیانیشی مامۆستا بووە لە قوتابخانەی هێمن، دواجار لەناکاو نەخۆشی یەخەی گرت و لە 7/15/ 2010 بۆ یەکجاری مااڵئاوایی لێکردین، لەیادی 9 ساڵەی کۆچی دواییدا درود بۆ گیانی خواێخۆشبوو و تەمەنی درێژیش بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەی.

(خەبات)

پاڵەوانی پیشەگەرانی جیهان لەدیمانەیەکی رۆژنامەی خەباتدا
پالێرمۆ مارتینیز: شەترەنج ژیانمی رزگار کرد



دیمانە: هاوار مورتکەیی



راچێل پالێرمۆ مارتینیز خانمە شەترەنجزانی وڵاتی کوبا و هەڵگری بڕوانامەی WFMلە ساڵی 1997 لە هاڤانای پایتەخت لەدایک بووە، ئەو خانمە شەترەنجزانە جیاواز لەگەڵ ئەوانی تر رایەکی دیکەی هەیە بەرامبەر شەترەنج و پێی وابووە کە شەترەنج ژیانی ئەوی رزگار کردووە، مارتینیز خاوەنی چەندین دەسکەوتی وەرزشییە لە سەرئاستی کوبا و ئەمریکای ناوەراست و تەنانەت جیهانیش، لەم دیمانەیەدا تەواوی زانیارییەکانت دەست دەکەوێت.

چیرۆکێکی سەرنجراکێش

راچێل مارتینیز Rachel Palmero Martínezدەڵێت: من چیرۆکێکی تایبەتیم لەگەڵ وەرزشی شەترەنجدا هەیە، ئەترەنج رزگارکاریکی گەورە بووە بۆ من، دوای چەند مانگێک لە مردنی دایکم، من شەترەنجم ناسی، کە تەنها 10مانگ بوو دایکم مردبوو، شەترەنج وای لێکردم لەو ژیانەی تییدا دەژیام دەربازم بێت، ژیانێک دوای مردنی دایک بۆ من وەک دۆزەخێک وابوو، چونکە کچێکی لەو تەمەنە دایکی بمرێت، دەبێ لە چ بارودۆخێکدا بیت، بۆیە شەترەنج وەک فریادرەسێک لەوکاتەدا بەهانامەوە هات و منی لەو دۆخە دژوارەدا بردە دۆخیکی تر کە بڕواکردن بوو بە بەردەوامیی ژیان.

فێری دان بەخۆداگرتن

راچێلی کوبی زیاتر دەڵێت: لە پۆلی سێ بووم لە قوتابخانەی سەرەتایی ئاشنابووم بەشەترەنج، بەراستی یاریەکی پیکەنیناوی بوو، چونکە من لە قوتابیە زیرەکەکان بووم لە وانە، دواتر کە یاری شەترەنجم کرد لەوێش رکابەرم بۆ پەیدا بوو، بەشێوەیەک رکابەرەکان رقیان لێم دەبۆوە و هاوڕێتیان نەدەکردم، بەشێوەیەک زۆر جار بیرم دەکردەوە واز لەشەترەنج بهێنم، چونکە کەیاری شەترەنجم لێ دەبردنەوە دواتر لەدەرەوەی قوتابخانە لێیان دەدام، بەڵام ئەمجارەش هەر شەترەنج بوو فێری بەرگری و دان بەخۆدانگرتنی کردم.

دواتر لەبارەی دەسکەوتەکانیەوە گوتی: یەکەم بەشداری فەرمیم لە ساڵی 2009بوو لە پاڵەوانێتی هەرێمەکانی کوبا، یەکەمین دەسکەوتیشم لە پاڵەوانێتی نیشتمانی کوبا لە ساڵی 2012توانیم لەسەر ئاستی کچان پلەی یەکەم بەدەستبهێنم بە کۆکردنەوەی 7لە 7خاڵ، لە زۆربەی پاڵەوانێتییەکانی ئەمریکا یاریم کردووە، لە پاڵەوانێتی ئەمریکا کە لەساڵی 2014لە مەکسیک بەریوەچوو لە لیستی 11هاتم بۆ خوار 18ساڵ، لە پاڵەوانێتی ئەمریکای ناوەراست لە کۆلۆمبیا ساڵی 2014پلەی 10یەم لە هەمان ئاست، بەڵام دوا دەسکەوتم توانیم پلەی سێیەم لە پاڵەوانیتی پیشەگەرانی جیهانی خوار 2300خاڵ بۆ ئافرەتان بەدەست بهێنم کە لە مانگی رابردووی 2019لە مەکسیک بەرێوەچوو.

وازناهێنم

لە کۆتاییدا ئەو خانمەی کوبا دەڵێت: لە ژیانمدا دوو کاری لەپێشینەم هەیە، یەکیان شەترەنج و ئەوی تر زانکۆیە، کاروانی زانکۆم هەڵبژارد چونکە شەترەنج یارمەتیدەرم دەبێت لێی، بەڵام واز لە شەترەنج ناهێنم، چونکە خەونی زۆرم ماوە بیهێنمەدی لەوانە نازناوی گراندماستەر WGM، هەروەها بەدەستهێنانی میدالیای ئۆلۆمپیاد، و ریتینگەکەشم لە 2400تێپەڕێنم.

چۆمان و سیروانی نوێ گەیشتنە چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی فوتسالی کچان



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: هێدی عەزیز

لەیاریەکانی گەڕی حەوتەم و قۆناخی دووەمی خولی نایابی فوتسالی کچانی کوردستان، هەینی رابردوو چەند یارییەکی چارەنووسساز ئەنجامدران، هەردوو تیپی کچانی ئافرەتانی هەولێر و سەورە لەهۆڵە تازەکەی ئافرەتانی هەولێر ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یارییەکە لەبەرژەوەندی کچانی ئافرەتانی هەولێر بەئەنجامی 0- 4 گۆڵ کۆتایی هات ، بەم بردنەوەیە ئافرەتانی هەولێر 16خاڵیان کۆکردۆتەوەو لەپلەی چوارەمی گروپی یەکەمدا هاتن، لەبەرامبەردا تیپی کچانی سەورەش بەکۆکردنەوەی 16خاڵ بەجیاوازی گۆڵ لەپلەی پێنجەمی رێزبەندی خولەکەدایە. لەیاریەکی دیکەدا هەردوو تیپی کچانی زانکۆی جیهان و سیروانی نوێ بەیەکگەیشتن، یاریەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەدوو گۆڵ کۆتایی هات، بەم ئەنجامە سیروانی نوێ دوای کۆکردنەوەی 28خاڵ بەپلەی دووەم سەرکەوت بۆ چوارگۆشەی زێرین، هەروەها زانکۆی جیهان بەکۆکردنەوەی 21خاڵ پلەی لەپلەی سێیەمی رێزبەندی خولەکەدا دێت.

لەیاریی سێیەمدا کچانی چۆمان گۆڵبارانی دووکانیان کرد، دوای ئەوەی بەئەنجامی 1-8گۆڵ توانیان لێیان ببەنەوەو بەپلەی یەکەم سەرکەون بۆ چوار گۆشەی زێرین، چۆمان ئەم وەرزە بەئاستێکی جیاوازتر لەخولەکە دەرکەوت، بەتایبەتی لەگەڵ دەستبەکاربوونی ڕاهێنەر مەزن محەمەد.

بەرشلۆنە ئەو توانایەشی بردەوە

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی جیاواز لە یانەکانی تر، لەناکاو بۆندێک لەگەڵ یاریزانێک رادەگەیەنێت کە پێشتر هیچ هەواڵێکی لەمشتوومپە باسی لێوەنەکراوە، هەروەک ئەو گرێبەستەی لەگەڵ یاریزانێکی لاو و بەتوانای یانەی ویست برۆمیچی ئینگلیزی ئەنجامی دا، کە پاریس سان جێرمانیش لای خۆیەوە چاوی بڕیبووە ئەم یاریزانە.



بەرشلۆنە لە تۆڕی ئینتەرنێت بلاوی کردەوە کە لەگەڵ لۆی باری تەمەن 16ساڵ یاریزانی خولی ئینگلیزی گەیشتنە رێکەوتن، لۆی باری هەروەک میدیاکان ناماژەیان بۆ کرد یاریزانێکی بەتوانایە و چاوەڕوان دەکرێت لە ریزی بەرشلۆنەدا وەک ئەستێرەیەک دەربکەوێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 15. Jul. 2019 No: (5789)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لە قاقاوە بۆ مقۆمقۆ

ئومێد کەمال: کۆمیدیا بەشێکی دانەبڕاوە لە هونەری نواندن و بینەر تامەزرۆی ئەو هونەرەیە



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەممەیەک دەینووسێت

سلاو، خێرە بەم گەرمایە لێرە راوەستاوی؟
+ وەڵلا چاوەڕێی گۆدۆ دەکەم.
گۆدۆ کێیە، چ کارەیە؟
+ بەخوای نازانم، هەر نایناسم.
ئەدی کە نایناسی، چۆن چاوەڕێی دەکەی؟
+ وەڵلاهی ئەمنیش هەر ناوم نەبیستووە، باشە تۆ هونەرمەندیشی؟
+ حەی تازە دەزانی، ئەڕێوەڵلا هەویەشم هەیە. لەهیچ شانۆگەریەک بەشداریت کردووە.
+ لەدەپازدەکی بەشداربووم.
ئەدی لە فیلم و دراما.
+ لەچوار فیلم و دراماش بەشداریم کردووە.
بەکام شانۆنوس زۆر سەرسامی؟
+ وەڵا ناوی هیچیان نازانم.
باشە، کام فلیمی بیانی زۆر سەرنجی راکێشاوی؟
+ شەریفە دوببە.
یەعنی ئێستاش نازانی گۆدۆ کێ یە.
+ ناوەللاهی، بەخوای بەراستیمە.
ئەدی کە نایناسی بۆ چاوەڕێی دەکەی.
+ وەلاهی منیش هەر ناوم بیستووە.
دەکەواتە هەر چاوەڕێ بە.
+ ناوەڵا دەرۆم ئیشم هەیە.
ئیشی چت هەیە.
+ پرۆژەم هەیە.



بەرهەم شێخ عزەدین

ئومێد کەمال نووسەری بەرنامەی مقۆمقۆ بەخەباتی گوت: وەک نووسەری بەرنامەکە کارەکەم کە پێشتریش درامای قاقام نووسیوە و دواتر لە وەرزی یەکەمی پرۆگرامی بەزمی بەزم نووسەر بوم و لە بەرنامەی جادرلۆ و بەرنامەی پێبکەنە نووسەر بوم .. ئەم پرۆگرامە نوێترین کارمانە بەبەشداری چەند هونەرمەندێکی بەئەزمونی هەولێر و سلێمانی(مستەفا ئەحمەد. زاهیر عەبدوللە، بەیان مەحمود بۆمبا . هادی مەحمود . مزەفەر هەولێری ،فەرەیدون قاسم . ڕزگار عبدالرزاق ، سەلاح پەرچەم بلێباس، ئومێد کەمال) سوپاس بۆ کەنالی سپێدە کە توانی ئەم هونەرمەندانە کۆبکاتەوە تا جارێکی دیکە بینەری کورد ئاشنا بێتەوە بە بەرنامەی هونەریی کوردی و درامای کوردی کە ئەمە بۆ مێژوو کارێکی پیرۆزو گرنگە .دەربارەی ئەوەی ئەم کارە چۆن دەکرێیتو ئامنجتان چیە ئومێد گوتی: من وەک نووسەر و بەهاوکاری و توانای ئەو هونەرمەندە پرتوانایەنە هەوڵ ئەدەین تواناکانمان بخەینە خزماتی ئەم پرۆگرامە و بەرنامەکە ببێتە سەکۆیەک بۆ گوتنی کارە نەشیاو و لەنگیەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگاش ، من وەک نووسەری پرۆگرامە هەمیشە ئازارەکانی خەڵک ئەنووسمەوە لە فۆرمێکی کۆمیدیدا ئەمەش واتای ڕاستەقینەی ئەو کۆمیدیایە کە بەزمانی گوڵ هەمو هەڵەکان بەخاوەن هەڵە ئەڵێینەوە .. پشتیوان بەخوا پرۆگرامەکە بەردەوامی ئەبێ و لەداهاتوو بابەتی نوێ و جیاواز ئەبینن.
(ئومێد کەمال لەساڵی 2004 دەستی بەکاری شانۆ کردوە تا ئێستا وەک نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر کاری لە سی و دوو کاری شانۆیی کرد ووە لە تیپی شانۆی پیرەمەگرون . دەرچوی کۆلێژی هونەرە بەشی شانۆ دەرهێنان و نواندن ، نووسەری درامای(قاقا ،وەرزی یەکەمی بەزمی بەزم ، بەرنامەی پێبکەنە . جاردلۆ) و لە هەندێ هەڵقەی پەتریپۆت کاری نووسینی کردوە .بە شانۆ بەشداری زۆر ڤیستڤالی کردوە و دەقی شانۆی و شعر و چیرۆکیلە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی(ڕامان . خەبات . پێشکەوتن . دوکان . ڕێگای کوردستان) بڵاو کردۆتەوە .





دیانا حەداد:

بەو جۆرە خۆشم دەوێ

بەگوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری هونەری زەهرەتولخەلیج، گۆرانبێژی شۆخ دیانا حەداد، لەدوایین کلیپی خۆیدا کە بە زمانی خەلیجی پێشکەشی هەوادارانی دەکات، گۆرانی (بەو جۆرە خۆشم دەوێ) لە یوتیوب پێشکەش کرد. دیانا دەربارەی گۆرانیەکەی لە ئەلبومە نوێیەکەی دەڵێ ئەم گۆرانیە پێشکەشە بە هەوادارانم بە تایبەتی سعودییەکان. بریاریشە دیانا حەداد چەند کلیپێکی دیکە بەشێوەی سنگل لەماوەیەکی نزیکدا پێشکەش بە هەوادارانی خۆی بکات.

گۆران نووری

BOM BOM بڵاوکردەوە



بەرهەم شێخ عزەدین:
هونەرمەندی لاو گۆران نوری لەپەڕی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوی کردەوە کەڤیدیۆکلیپی گۆرانی (BOM BOM) بڵاو بۆوە، گۆران زیاتری نووسیووە و دەڵێت: ئەم کارەم ستایلێکی زۆر جیاوازە و تا ئێستا نەکراوە، گۆران دەڵێ ئەم ڤیدیۆیەم کردە سوپرایز و دیاری جەژنانە بۆ هەوادارەکانم.

چین زەبەلاحترین فڕۆکەخانە لە جیهاندا دروست دەکات



چین لە دروستکردنی گەورەترین و زەبەلاحترین فڕۆکەخانە لە جیهاندا تەواو بوو کە ڕووبەرەکەی یەک ملیۆن مەتر چوارگۆشەیە و بەوتەی دەسەڵاتداران ئەم ساڵ لە پەکینی پایتەختی ئەو وڵاتە دەکرێتەوە.
فڕۆکەخانەی "پەکین داشینگ"ی نێودەوڵەتی، 46کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری پەکین دوورە و بە گەورەترین سەنتەری فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان و ئالۆزترین پڕۆژەی ئەندازیاری دادەندرێت لە جیهاندا کە ئەندازیاری بەڕێچەڵەک عێراقی، کۆچکردوو خاتوو زوها حەدید بەشداری لە نەخشەسازیدا کردووە.فڕۆکەخانەی "داشینگ"ی نێودەوڵەتی لە 30ی ئەیلوولی 2019دەکرێتەوە و بەهاتنی ساڵی 2025خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە 72ملیۆن گەشتیار دەکات لە جیهاندا.شێوەی دروستکردنی فڕۆکەخانەکە لە باڵندەی "سیمرخ"ی ئەفسانەیی یان ئەستێرەی دەریا دەچێت کە گەشتیار دەتوانێ لە ئاسمانەوە ببینێت لەکاتی هەستان و نیشتنەوی فڕۆکە لە گەورەترین فڕۆکەخانە لە جیهاندا.